پێنجەم ساڵیادی چوونی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5858) دووشەممە 28ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕزگارکردنی کۆبانی داستانێکی نیشتیمانپەروەری بوو



لە کاتێکدا پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بوون بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دژی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆرستی لە جیهان کەبە (داعش) ناسراوبوو و هێرشیان کردبووە سەر خاکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوای هەولێری پایتەخت و دەشتی نەینەوا و باشووری پارێزگای دهۆک. لەو دەمەدا لەڕێکەوتی (15ی ئەیلوولی 2014) تیرۆرستانی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)، هەروەها هێرشێکی گەورە و بەربڵاویان کردە سەر ڕۆژئاوای خاکی کوردستان لە دەڤەری (کۆبانێ). **(ڕاپۆرتێک لە ل8 و 9 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتیمانیی عێراق دەکات

هەردوولا پاڵپشتیی خۆیان بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق دووپاتکردەوە

دوێنێ یەکشەممە 2019/10/27 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتیمانیی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی و دوا پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و ڕۆشناییش خرایە سەر مانەوەی هەڕەشەی تیرۆر و کاریگەرییەکانی لەسەر ناسەقامگیری و ئاساییشی عێراق و ناوچەکە. لەبەشێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا خرایە بەر باس و، جەخت لە بەردەوامی و پتەوترکردنی ئەو پەیوەندییانە کرایەوە لەپێناو چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکانی نێوان هەردوولا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بیروڕا لەبارەی گرژی و خۆپێشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق ئاڵوگۆڕ کرا و هەردوولا پاڵپشتیی خۆیان بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق دووپاتکردەوە لە جێبەجێکردنی چاکسازی و داواکارییە ڕەواکانی هاوواڵتیان و خۆپێشاندەران.

سەرۆک بارزانی: کوشتنی بەغدادی بە مانای کۆتاییهاتنی داعش نییە و پێویستە هەموو لایەک هۆشیارو هەماهەنگ بن لە شەڕی دژی تیرۆر

سەرۆک بارزانی پەیامێکی بەبۆنەی کوشتنی بەغدادی ڕاگەیاند، لە پەیامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات «کە کوشتنی بەغدادی بە مانای کۆتاییهاتنی داعش نییە»، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بێگومان هەر کەسێک تاوانبار و قاتڵی خەڵکی بێگوناح بێت زوو یان درەنگ هەر بە سزای خۆی دەگات. ڕاستە کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی کاریگەری بەسەر لاوازبوونی تیرۆریستانەوە دەبێت بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو لایەک بە تایبەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگادار بن کە کوشتنی بەغدادی بە مانای کۆتاییهاتنی داعش نییە و پێویستە هەموو لایەک هۆشیار بن و هەماهەنگ و بەردەوام بن لە شەڕی دژی تیرۆر و ڕیشەکێشکردنی تیرۆر.

مسعود بارزانی
27ی 10ی 2019

سەزای تەمەللی: تورکیا دەیەوێت عەرەب لە شوێنی کورد نیشتەجێ بکات

هاوسەرۆکی هەدەپە ڕایگەیاند، ئەوەی لە سنوورەکان دەگوزەرێت بە ناوی بوونی ڕێڕەوی تیرۆر ڕاست نییە، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە تورکیا دەیەوێت کورد لەسەر خاکی خۆی کۆچبەر بکات و خەڵکی عەرەب لە شوێنی ئەوان جێگیر بکات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

ئەبووبەکر بەغدادی کوژرا

مەزڵووم کۆبانێ: ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوومان لەگەڵ ئەمەریکا ئەنجامدا







ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وردەکاریی کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی ئاشکرا کرد. دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند: دوێنێ شەو لە باکوری ڕۆژئاوای سووریا هێرشێکی ناوازە لە لایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە کراوە. بەغدادی لە ئۆپەراسیۆنێکی دوو کاتژمێریدا لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی و چەند چەکدارێکی دیکەی داعش و یاریدەدەرەکانی کوژراوەو هیچ هێزێکی ئەمەریکیش زیانی بەرنەکەوتووە. ئەوەشی خستەڕوو، کە خۆی بەشێکی زۆری ئەم هێرشەی بینیوە. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل3 بخوێنەوە)**



عادل عەبدولمەهدی بەهیچ شێوەیەک نیازی دەستلەکارکێشانەوەی نییە

گوتەبێژی حکوومەتی عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بەهیچ شێوەیەک بەنیازی دەستلەکارکێشانەوە نییە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی عێراق دۆخی کەرکووک زیاتر تێکدەچێت

ئەندامێکی سەرکردایەتی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی عێراق بارودۆخی کەرکووکیش زیاتر تێکدەچێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەگەر حکوومەت هەڵوەشێتەوە پێکهێنانی حکوومەتێکی دیکە ئەستەم دەبێت

نزیکەی مانگێکە خۆپیشاندان ناوچەکانی باشووری عێراقی گرتووەتەوە و شڕۆڤەکارێکی سیاسیش پێی وایە، دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق، خەڵکی چاوەڕێی گوزەرانێکی باشتر بوون و دەشڵێ، ئەگەر حکوومەتی ئێستای عێراق هەڵوەشێتەوە، ئەستەمە عێراقییەکان بتوانن حکوومەتێکی دیکە پێکبێنن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی:

لەناوبردنی بەغدادی، هەنگاوێکی گەورەی شەڕی دژی تیرۆرە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا کۆشتنی ئەبوبەکر بەغدادی، سەری ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش بە سەرکەوتنێکی گەورەی شەری دژی تیرۆر لە قەڵەم دەدات، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوە بە مانای کۆتاییهاتنی تیرۆر نایەت، بۆیە بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی تیرۆر و ئایدۆلۆژیای داعش بە پێویست دەزانێت. ئەمە دەقەکەیەتی:

هەرێمی کوردستان وەک بەشێکی گرنگ و سەرەکیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، لەناوبردنی ئەبوبەکر بەغدادیی سەری ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش بە هەنگاوێکی گەورەی شەڕی دژی تیرۆر دادەنێت و پێزانینی خۆی بۆ هەوڵی ئەمەریکا و هەموو ئەوانە ڕادەگەیەنێت کە بە هەر شێوەیەک لە سەرکەوتنی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بوون.


کوشتنی بەغدادی دوای لەناوبردنی بەناو خەلافەتی داعش هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک واتای کۆتاییهاتنی تیرۆر و بیر و ئایدۆلۆژیای داعش ناگەیەنێت، مەترسیی بەهێزبوونەوەی جموجۆڵە تیرۆریستییەکان هێشتا زۆرە و داعش و گرووپ و هاوشێوەکانی لە ناوچەکە هێشتا لە جموجۆلدان و هەڕەشە لە ئاسایشی هەموو جیهان دەکەن، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هاوکاری و هەماهەنگی بۆ بەردەنگاربوونەوەی تیرۆر بەردەوام بێت، نەک هەر تەنیا لەڕووی سەربازییەوە، بەڵکو هەوڵ و هاوکارییەکان بەهێز بکرێن بۆ بەردوپێشبردنی پەروەردە و کولتووری پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و لێبووردەیی و نەهێشتنی ئەو زەمینەیەی کە تیرۆر و خەڵکانی وەک بەغدادی بەرهەم دەهێنن.

هەرێمی کوردستان کە قوربانیی زۆری داوە بۆ لەناوبردنی تیرۆر، کە لە ناوچەکەی ئێمە و لە عێراق، ئێزدی و مەسیحی و موسڵمان و هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان ڕووبەڕووی تاوانە ترسناکەکانی داعش بوونەوە، ئێستاش بە هەموو شێوەیەک لە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی تیرۆر بەردەوام دەبێت و ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیا و بیری تاریکی داعشیانە دەبێتەوە، بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی داعش و تیرۆر لە ناوچەکە و پاراستنی ئاسایش و ئازادی لە جیهاندا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
27/10/2019

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەکات

هەردوولا پشتگیریی لە هەنگاوە چاکسازییەکانی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەن



دوێنێ یەکشەممە 2019/10/27 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق کرد.

لە دیدارێکدا کە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرا. جەختیش کرایەوە لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەپێی دەستوور.

هەروەها باس لە گرنگیی هەبوونی هەماهەنگیی زیاتری هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کرایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش.

هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە ڕێز لە داواکاریی ئاشتیانەی خۆپیشاندەرانی عێراقی بگیرێت و هەروەها پشتگیرییش لە هەنگاوە چاکسازییەکانی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەن.

ڕەوشی ئێستای عێراق هی سەردەمی سالانی ڕابردووە نەک کابینەی ئێستای حکوومەت

شرۆڤەکارێکی سیاسی: ئەگەر حکوومەت هەڵوەشێتەوە پێکهێنانی حکوومەتێکی دیکە ئەستەم دەبێت

نزیکەی مانگێکە خۆپیشاندان ناوچەکانی باشووری عێراقی گرتووەتەوە و شرۆڤەکارێکی سیاسیش پێی وایە، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، خەڵکی چاوەڕێی گوزەرانێکی باشتر بوون و دەشڵێ، ئەگەر حکوومەتی ئێستای عێراق هەڵوەشێتەوە، ئەستەمە عێراقییەکان بتوانن حکوومەتێکی دیکە پێکبێنن.

عەبدولسەلام بەرواری، شرۆڤەکاری سیاسی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: داواکاریی هاووڵاتیانی عێراق ڕەوان، چونکە ناکرێت عێراق خاوەنی ئەو هەموو سامانە زۆرە بێت و هێشتاش قەرزدار بێت، خەڵکی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس چاوەڕێی ئەوە بوون داهاتەکەی بۆ خەڵکەکەی بێت و گوزەرانیان باشتر بێت، چونکە حکوومەتی عێراق خاوەن بودجەیەکی زۆر و خزمەتگوزارییەکی کەمە، بە شێوەیەک خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر زۆر باشترە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەڵام مرۆڤ بە ویژدانەوە بڵێت، ڕەوشی ئێستای عێراق هی سەردەمی سالانی ڕابردووە نەک کابینەی ئێستای حکوومەت.

ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە دەشڵێت: سەرجەم سەرۆکوەزیرەکانی عێراق، یان بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی دەرەکی دانراون، یانیش بە ناچاری بووە، چونکە لایەنەکان توانای پێکهێنانی حکوومەتیان نەبووە، دانانی عادل عەبدولمەهدیش دوای ئەوە هات هیچ کوتلەیەکی پەرلەمانی نەیتوانی کابینەی نوێی حکوومەت پێک بێنێ و پێشنیار کرا کەسێکی بێلایەنی وەک عەبدولمەهدی بکرێتە سەرۆکوەزیرانی عێراق تا کێشەکان کەمتر ببنەوە، پێموایە تا ڕادەیەکیش کەسێکی گونجاو بووە بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت.

لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی کابینەی حکوومەت، بەروارى ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئەمە بژاردەیەکی ناتەندروستە، چونکە ئەگەر بێت و حکوومەتی ئێستا لەسەر کار نەمێنێ، زۆر ئەستەمە بتوانرێت حکوومەتی نوێ پێک بێت، ئەگەر حکوومەت پێک نەهات پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دەبرێت، ئەوەش هەم کاتی دەوێت هەمیش زۆر زەحمەتە هاووڵاتیانی عێراق بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن، لەبەر ئەوەی بینیمان لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا لە هەندێ ناوچەی عێراق تەنیا 20%ی دەنگدەران بەشداریان هەبوو، ئەگەر بێت و هەڵبژاردن بکرێت ڕێژەی بەشداری زۆر کەمتر دەبێت لە ڕابردوو.

لەبارەی هەڵوێستی کوردەوە، عەبدولسەلام بەروارى گوتی: کورد بەرگری لە کەسێک ناکات وەک شەخس، هەرچەندە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق کەسێکی باشە، بەڵام کورد کێشەی لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە هەیە کە عێراق بەڕێوە دەبات، ئێمە کە بەرگری لە حکوومەتی عێراق دەکەین، بۆ ئەوەیە، کە دەزانین عێراق بەرگەی کێشەی دیکە ناگرێت، تەنانەت داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانیش جێبەجێ ناکرێن ئەگەر حکوومەتی ئێستا نەمێنێ، چونکە جێبەجێکردنی داواکاریی هاووڵاتیان کاتی دەوێت و بە چەند هەفتەیەک ناکرێت.

ئا/ قائید میرۆ



گوتەبێژی حکوومەتی عێراق:

سەرۆکوەزیران بەهیچ شێوەیەک نیازی دەستلەکارکێشانەوەی نییە

سەعد حەدیسی گوتەبێژی حکوومەتی عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بەهیچ شێوەیەک بەنیازی دەستلەکارکێشانەوە نییە.

دوێنێ یەکشەممە دوای کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بوو لە تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕایگەیاند: ئەگەر ئامانج لە خۆپیشاندان گەیاندنی دەنگی هاووڵاتی عێراقی بێ بۆ باشترکردنی گوزەرانی و دابینکردنی خزمەتگوزاریی و دابینکردنی هەلی کار و گەشەپێدان بە کەرتە ئابووریەکان، ئەوا حکوومەت لە سێ هەفتەی ڕابردوو هەنگاوی زۆری نا بەم ئاراستەیە، حکوومەت پێویستی بە کاتە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان و سەقفی کاتی دانراوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان کە لە سێ مانگ تێناپەڕێ.

حەدیسی گوتیشی: هێزەکانی پاراستنی یاسا هیچ فیشەکێکی ڕاستەقینەیان دژی خۆپیشاندەران بەکارنەهێناوە، بەڵکو تەقە لەلایەن پاسەوانانی دەزگاکان و بارەگاکانی حیزبەکان کرا، کاتێک کەسانێک کە دزەیان کردبووە نێو خۆپیشاندەران هێرشیان کردەسەر ئەو دەزگا و بارەگایانە. گوتەبێژی حکوومەتی عێراق جەختیشی کردەوە لەوەی "سەرۆکوەزیرانیش ئامادە نییە لەهەم ڕەوشەدا دەستلەکاربکێشێتەوە و عێراق بۆ پشێوی جێبهێڵێ".

جێی باسە لە دووەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا دژی گەندەڵی و هەژاری و بێکاری و خراپی خزمەتگوزاری لە عێراق، زمارەی قوربانییەکان بەپێی کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ بەرزبووەوە بۆ 63 کوژراو و 2592 بریندار، لە پاڵ سووتاندن و زیان گەیاندن بە 83 باڵەخانەی حکومی و بارەگای حیزبەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. ئەمە جگە لە کوژرانی 147 کەس و بریندارببوونی زیاتر لە 5 هەزار کەس لە خۆپیشاندانەکانی سەرەتای ئەم مانگە.

بەرپرسێکی پارتی: بە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی عێراق دۆخی کەرکووک زیاتر تێکدەچێت

ئەندامێکی سەرکردایەتی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی عێراق بارودۆخی کەرکووکیش زیاتر تێکدەچێت.

د.فەرهاد کەرکووکی، ئەندامێکی سەرکردایەتی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، بە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی، دۆخی عێراق بە تەواوی تێکدەچێت.

فەرهاد کەرکووکی هەروەها ڕایگەیاند، بە تێکچوونی بارودۆخی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت، پرۆسەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک ڕادەگیرێت، چونکە لایەنە شۆڤینییەکانی کەرکووک و عێراق بەردەوام هەوڵی درێژکردنەوەی بارودۆخی نائاسایی کەرکووک دەدەن.

لەبارەی گەڕانەوەی پارتیش بۆ کەرکووک، ئەو بەڕپرسە ڕایگەیاند، بڕیاربوو لە ڕۆژی 2019/10/1 بارەگا داگیرکراوەکان ڕادەستی پارتی بکرێنەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی خراپی عێراق وادەکە 20 ڕۆژ دواخرا و ئێستاش دیار نییە کەی ئەو بارەگایانە ڕادەستی پارتی دەکرێنەوە.

جێی باسە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان داگیرکرد و پارتیش ئەو شارەی بە شارێکی داگیرکراو هەژمار کرد و بارەگاکانی کشاندەوە.

ئۆپەراسیۆنەکە بە دووریی 5 کیلۆمەتر لە سەر سنووری تورکیا بووە

تره‌مپ کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاند

تره‌مپ: کورده‌کان له ئۆپه‌راسیۆنه‌که‌دا هاوکارمان بوون

به‌رپرسێکی ئه‌مه‌ریکی بۆ CNN: تورکیا به‌هیچ شێوه‌یه‌ک به‌شدار نه‌بووه و ئاگاداریش نه‌کراوه‌ته‌وه



ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی بەغدادی و یاریدەدەرەکانی کوژراون

خەبات/ رووداوی رۆژ

ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وردەکاری کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی ئاشکرا کرد. دۆنالد تره‌مپ رایگەیاند: دوێنێ شەو لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا هێرشێکی ناوازە لە لایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە کراوە. بەغدادی لە ئۆپەراسیۆنێکی دوو کاژێریدا لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی و چەند چەکدارێکی دیکەی داعش و یاریدەدەرەکانی کوژراوەو هیچ هێزێکی ئەمەریکیش زیانی بەرنەکەوتووە. ئەوەشی خستەڕوو، کە خۆی بەشێکی زۆری ئەم هێرشەی بینیوە. تره‌مپ گوتیشی: ئەبوبەکر بەغدادی کوژراوە و ئەمەریکا تیرۆریستی یەکەمی ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتی کردەوە، ئەو دامەزرێنەری داعش بوو، ئەمەریکا بەدوای بەغدادیدا دەگەڕا و لەلایەن تیمی ئاسایشی نیشتمانی ئیدارەکەی منەوە لە باکووری سووریا کوژراوە. هێزێکی تایبەتی ئەمەریکا توانیان لە شەودا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ئۆپەراسیۆنەکەیان لەسەر زەوی تۆماریکەن.

سەبارەت بە چۆنییەتی کوشتنەکەی، دۆنالد تره‌مپ رایگەیاند: من زانیم هێزەکانی ئەمەریکا بەجیدی کارەکەیان ئەنجامداوە، هیچ کەسێکی ئێمە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا گیانی لەدەستنەداوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی بەغدادی و یاریدەدەرەکانی کوژراون. ئەو کوژرا دوای ئەوەی چووە نێو تونێلێکەوە و هاواری دەکرد و بەدرێژایی ڕێگەکە دەگریا، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەری کوژران. 11 منداڵ لەنێو ژوورەکەدا بردرانە دەرەوە و تاکە کەسێک کە لەنێو تونێلەکەدا بوو بەغدادی بوو لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی خۆی بردبووە نێو تونێلەکە و وەکو سەگێک چووە نێو تونێلەکە. ئەو خۆی تەقاندەوە و خۆی کوشت و سێ منداڵەکەیشی لەگەڵ خۆیدا کوشت. بەهۆی تەقینەوەکەوە بەغدادی بە تەواوی وێران ببوو، بەڵام تاقیکردنەوە و تۆپکارییەکان نیشانیاندا کە ئەمە بەغدادییە.

تره‌مپ گوتیشی: کوردەکانی سووریا هاوکارمان بوونە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا. ڕاشیگەیاند، ئەو کەسەی ببووە هۆکار لەسەر هێزەکانی ئەمەریکا کوژرا، ئۆپەراسیۆنەکەش بۆ ماوەی دوو کاژێر بەردەوام بوو، دوای کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنەکەش هەموو ماددەکان و کەلوپەلەکانی پەیوەندیدار بە داعش کۆکرانەوە. تره‌مپ دەشڵێت، ئێمە پابەند دەبین بە لەنێو بردنی گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی داعش و رایدەگەیەنێت: بەغدادی یەکێک بوو لە ترسنۆک بوو، ئەو بووکەڵەیەکی ترسنۆک بوو، ئەوان چەندین خەڵکی بێتاوانیان کوشت، ئەوان رقێکی زۆریان بەرامبەر ئێمە هەبوو، کوشتنەکانیشیان بە ئاشکرا ئەنجام نەددا. ئەوان جینۆسایدیان بەرامبەر ئێزدییەکان بەکارهێنا و میژووش سەرجەم ئەوانەی لەبیردەمێنێت.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵیش، ئۆپەراسیۆنەکە بە هەلیکۆپتەر ئەنجامدراوە و کاتێک کە هێزە تایبەتەکەی ئەمەریکا دەگەنە ماڵەکەی بەغدادی، کەمێک پێکدادان ڕووددات و پاشان، بەگوتەی ئەو سەرچاوانە، خودی بەغدادی و هەردوو ژنەکەی دەکوژرێن. هەندێ سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە گوایە بەغدادی بەر لەوەی دەستگیربکرێت، خۆی دەتەقێنێتەوە. هەواڵی کوژرانی بەغدادی لەکاتێکدا دێت، تره‌مپ لەناوخۆی وڵاتەکەیدا ڕووبەڕووی دوو گوشاری گەورە بووەتەوە، بڕیاری کشاندنەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان کە ڕەخنەی تووندی کۆنگرێسی بەدوای خۆیدا هێنا و هەروەها گوشاری کۆنگرێس بە لێپێچینەوەی تره‌مپ بەهۆی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ سەرۆکی ئۆکراینا. سەرچاوەکان دەشڵێن، هەفتەی ڕابردوو تره‌مپ واژۆی لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی زۆر تایبەت کردووە، یەکەیەکی تایبەتی ئەمەریکی لە ئۆپەراسیۆنێکی زۆر تایبەتدا، هەڵبژێردراون لە سەر ئەو شوێنەی کە بەغدادی و ژن و منداڵەکانی تێدا بوون. شوێنەکە ناوی باریشایە لە پارێزگای ئیدلب، لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا بەدووری 5 کیلۆمەتر لە شاری هاتای تورکی.

مەزڵووم کۆبانێ: ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوومان لەگەڵ ئەمەریکا ئەنجامدا

هەر سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی کوشتنی خەلیفەی داعش، دوێنێ یەکشەمە مەزڵووم کۆبانێ، فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات هەسەدە لە تویتێکدا ڕایگەیاند، ئەو ئۆپەراسیۆنە میژوویی سەرکەوتووە، دەرەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هەواڵگری بووە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها نووسیویەتی: ماوەی 5 مانگە کاری هەواڵگیری لەسەر زەوی دەکرا و بەدواداچوونی ورد دەکرا هەتا ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشە ئەنجام درا و ئەبو بەکر ئەلبەغدادی کوژرا. سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەین کە بەشداربیان لەم کارە مەزنەدا کرد. لەلایەکی دیکەشەوە دوای ئەوەی وەزارەتی بەرگری تورکیا وتی کە تورکیا زانیاری هەواڵگری داوەتە ئەمەریکا لەسەر ئۆپەراسیۆنەکە، بەرپرسێکی ئەمەریکی بە سی ئێن ئێنی گوتووە، تورکیا بەهیچ شێوەیەک بەشدار نەبووە و ئاگاداریش نەکراوەتەوە. هەروەها گوتیشی هەسەدە هاوکاری کردوون لەڕێگای زانیاری هەواڵگرییەوە.

لای خۆیەوە ڕێدور خەلیل، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی هەسەدە ڕایگەیاند، بەردەوام زانیاریان لەگەڵ دەزگای سی ئای ئی ئەمریکی دەگۆڕیەوە و براستەوخۆش لە چالاکیەکەدا ڕاستەوخۆ بەشداریان هەبوو بە چالاکانەش. گوتیشی: پێشتر ڕامانگەیاندبوو، کە داعش و سەرکردەکانی لەلایەن تورکیاوە دەپارێزرێن ئەو چالاکیەش قسەکانی پشتڕاست کردینەوە، ئەگەرنا بەغدادی چی دەکرد لە سنووری دەسەلاتی تورکیا.

ڕونیکردەوە: ئێمە تیکۆشانمان لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی لە دژی داعش کارمان کردووە و لە داهاتووش بەردەوام دەبین، لە بارەی ڕێکەوتنی ئەردۆغان و پوتن ڕایگەیاند کە ڕوسیا گەرەنتی داوە بە ئێمە بۆیە هێزەکانمان لە هەدێک شوێن کشاندووەتەوە.

سەرچاوەیەکیش بە کەنالی فۆکس نیوزی ئەمەریکایی گوتووە پشکنینیDNA پشتڕاستیکردەوە ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنەکە لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا کرایە ئامانج و کوژرا ئەبو بەکر ئەلبەغدادی ڕێبەری داعش بوو. بەپێی سەرچاوە خۆجێییەکانیش ئۆپەراسیۆنەکە کراوەتە سەر بارەگای گروپی ناسراو بە حوراس ئەلدین کە دەکەوێتە نێوان قەلب لۆزە و باریشا لە باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای ئیدلیب.

ئەو ئۆپەراسیۆنەی بانگەشە دەکرێت بەغدادی تیایدا کوژراوە چوار کاتژمێری خایاندووە

ئاژانسی ئەنادولیش لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکە نووسیویەتی: لەو ئۆپەراسیۆنەی ئەمەریکادا کە بانگەشەوەی ئەوە دەکرێت تیایدا سەردەستەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی کوژرابێت لە پارێزگای ئیدلب باکووری ڕۆژئاوای سووریا، یەکە سەبازییەکانی ئەمەریکا کاتەکانی نیوە شەو بە هێلیکۆپتەر دابەزیون و کەوتوونەتە پێکدادانێکەوە کە نزیکەی چوار کاتژمێری خایاندووە. بەپێی زانیارییەکانیش ئەو پێگەیەی ئەمەریکا بە هێلیکۆپتەر تیایدا دابەزیوە و ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنجامداوە چەند کیلۆمەترێک لە کەمپی تور لاها دوورە کە ئەو هاوواڵتییە مەدەنییانەی تیادا نیشتەجێبوون کە لە باکووری پارێزگاکە دەربەدەربوون.

دوای یەکەم پێکدادانیش کە نزیکەی یەک کاتژمێر و 30 خولەکی خایاند، هێلیکۆپتەرەکان ناوچەکەیان جێهێشت. دوای نیو کاتژمێر هێلیکۆپتەرەکان گەڕانەوە و بەردەوامبوون لە هێرشەکەیان. لەم یاوەریان بووە کاتێک چوونەتە سەر مۆڵگەکەی بەغدادی بۆ ئەوەی بە زیندوویتی دەستگیری بکەن، بەڵام خۆی تەقاندووەتەوە و نەیهێشتووە دەستگیر بکرێت. بەڕێوبەری ڕوانگەی سووری لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: سەرەتا ئۆپەراسیۆنەکە تایبەت بوو بە لەناوبردنی سەرکردەکانی ریزی پێشەوەی داعش، نەک بەغدادی. دووپاتیش دەکاتەوە، پێویستە تره‌مپ دان بە گەورەیی هێزە کوردییەکاندا بنێت، کە زانیاریان لەبارەی بوونی سەرکردەکانی داعش لەو شوێنەی سووریایان بە ئەمەریکا دابوو. بەڕێوبەری ڕوانگەکە بە گومانەوە پرسیاری ئەوە دەکات، ئاخۆ بۆچی ئەمەریکا هەواڵی ئەوەیان بە تورکیا نەدابوو کە دەیانەوێت لەو ئۆپەراسیۆنە لەناکاوەدا سەرکردەکانی داعش بکەنە ئامانج؟ ئەمە لەبەر ئەوە بوو، کە تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهادییەکان هەیە و مەترسی ئەوە هەبوو، کە تورکیا سەرکردەکانی داعش لەو ئۆپەراسیۆنە ئاگادار بکاتەوە. جەختیش دەکاتەوە، تا ئێستا ئەوە پشتڕاست بووەتەوە کە ئەوانەی کوژراون سەرکردەیەکی هەرە لەپێشەکانی داعشن. لە بەیاننامەکەدا ئەوەش هاتووە: بەهۆی زانیارییەکانی هەسەدە هەواڵگری ئەمەریکا توانی شوێنی سەرکردەکانی ریزی پێشەوەی داعش لە ناوچەکە بدۆزێتەوە و دواتر زانیویانە کە ئەبوبەکر بەغدادیش لەو شوێنەیە .هەر بەگوێرەی زانیاریەکانی ڕوانگەی سووری، هێزە تایبەتەکەی ئەمەریکا لە مالێکی نزیک ناوچەی ڕۆژئاوای گوندی باریشا لە ئیدلب ڕووبەڕووی شەڕ بوونەتەوە، بەڵام ماوەی شەڕەکە کەم بووە. هەروەها دەڵێت: "بوونی ئەو هێلیکۆپتەرانە بەڵگەن کە هێزە تایبەتەکەی ئەمەریکا لە ئاسمانەوە دابەزیوونەتە ناوچەکە و ویستوویانە سەرکردەیەک لەو ماڵەدا دەستگیر بکەن کە ماڵی سەرکردەیەکی تۆندڕەو بووە و پێیانوابووە بەغدای لەوێیە. ڕوانگەی سووری ئاماژەی بەوەش کردووە، لەو ئۆپەراسیۆنەدا 9 کەس کوژراون، سەرکردەیەک و ژنەکەی و ژمارەیەک منداڵ بەرکەوتوون. جەنەرالێکی خانەنشینکراوی ئەمەریکیش بە کەنالی سی ئێن ئێنی ئەمەریکی گوتووە: لە مێژە زانیاری هەیە کە ئەبوبەکر بەغدادی کاتێک دەخەوێت، پشتێنەی بۆمبڕێژکراو دەبەستێت.

وەک کاردانەوەیەکیش بەرامبەر کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش، دوێنێ یەکشەمە، وەزارەتی بەرگری ڕووسیا، ڕایگەیاند، هیچ زانیارییەکیان لە بارەی کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی پێنەگەیشتووە. وەزارەتی بەرگری ڕووسیا ڕەتیشیکردەوە، هیچ یارمەتییەکیان پێشکەش بە هێزەکانی ئەمەریکا کردبێت بۆ سووڕانەوەیان بە ئاسمانی ئیدلبدا. ئیگۆر کوناشینکۆڤ، ئەفسەری بااڵی وەزارەتی بەرگری ڕووسیا بەیاننامەی وەزارەتەکەی خوێندەوە و تیایدا ڕایگەیاند، زانیاریان لە بارەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەمەریکا لە ناوچەکانی ژێر هەژمونی تورکیا لە ئیدلب نییە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا چەند زانیارییەکی وردی لەبارەی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ سەر مۆڵگەکەی ئەبوبەکر بەغدادی ڕێبەری داعش بە گۆڤاری نیوزویک ڕاگەیاندووە و دەڵێت: بەغدادی و دوو ژنی کوژراون. بەرپرسێکی باڵای پێنتاگۆن کە نەیویستووە ناوی بهێنرێت بە گۆڤارە ئەمەریکییەکەی گوتووە: ماوەیەکی کورت تەقەکراوە لە هەر دوو لاوە، ئەوەش لەو کاتەدا بووە کە هێزی تایبەتی ئەمەریکی چوونەتە ئەو شوێنەی بەغدادی تێدا بووە. هەروەها گوتوویەتی: بەغدادی بە پشتێنی بۆمبڕێژکراو خۆی تەقاندووەتەوە، لەو کاتەشدا ئەندامانی خێزانەکەی لەو شوێنەدا بوون.

هەروەها بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، چەند بەرپرسێکی هەواڵگیریی عێراقی ئاشکرایان کردووە، بەغدادی لەگەڵ پاسەوانە تایبەتەکەی ویستوویانە خێزان و منداڵەکانی بەغدادی لە ئیدلیبەوە بەرەو تورکیا بگوازنەوە، لەو کاتەدا ئاشکرا بوون و کراونەتە ئامانج. بەگوێرەی زانیارییەکانی سەرچاوەکەی پێنتاگۆن، تیمی دێلتا سەر بە فەرماندەیی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمەریکا بەو ئۆپەراسیۆنە هەستاون و شوێنەکەی بەغدادیش لەژێر چاودێریدا بووە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسێکی دەزگای هەواڵگری عێراقی جێگرەوەی ئەبوبەکربەغدادی ئاشکرا دەکات کە ئەویش کەسێکی بەرەگەز تورکمان کە بەرپرسێکی دەزگای هەواڵگری عێراقی دەبێتە جێگرەوەی ئەبوبەکر بەغدادی. سەرچاوەیەکە ئاشکرای کردووە، دوای کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی، داعش جێگرەکەوەی دیاریکردووە کە ئەویش عەبدوڵڵا قەرداش کە بە ئەبو عومەر تورکمانی ناسراوە و خەڵکی تەلەعفەرە و زۆربەی ئەندامانی بەناو شووراش لەگەڵ ئەودا بوونە کە ئەو پۆستە وەربگرێت.

سەرچاوە/ ئاژانسەکان

عێراق... خۆپیشاندان بەردەوامە

بە ئامانجی پاراستنی دامەزراوە گشتییەکان هێزەکانی دژە تیرۆر لە شاری بەغدا بڵاوبوونەوە

پەخشی کەناڵەکانی عەرەبییە و عەرەبییە حەدەس کە دوو کەناڵی سعوودیین لە عێراق ڕاگیران



خەبات/ رووداوی رۆژ

دوێنێ یەکشەمە سەدان خۆپێشاندەری عێراقی لە گۆڕەپانی تەحریر لە شاری بەغدا دریژەیان بە خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەت دا .گەنجانی خۆپێشاندەر بەربەستیان لە سەر ئەو پردە دانا کە بۆ هەرێمی سەوزی بەغدا دەچێت و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشیش گازی فرمێسکڕێژیان دژی خۆپێشاندەران بەکارهێنا. دەزگای دژە تیرۆری عێراقیش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، ئەو هێزەی بۆ ناوچە و شەقامەکان ناردووە تاکو لە بەرامبەر کەسانی سەرەڕۆ خانووبەرەکانی حکوومەت بپارێزن.

بڵاوکردنەوەی هێزەکانی دژە تیرۆر لە بەغدا

دەزگای دژە تیرۆری عێراق ڕایگەیاند کە بڵاوکردنەوەی هێزەکانیان لە ژمارەیەک ناوچەی شاری بەغدا، لەبەر پاراستنی دامەزراوە گشتییەکانە لە کەسانی تێکدەر. دوێنێ یەکشەمە دەزگای دژە تیرۆری عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: لەسەر فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی هێزەکانمان لە ژمارەیەک ناوچەی شاری بەغدا بڵاوکراونەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هۆکاری بڵاوکردنەوەی هێزەکانی دژە تیرۆر لە ژمارەیەک ناوچەی بەغدا ئاشکراکراوە و تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانە لە ژمارەیەک ناوچەی شاری بەغدا پاراستنی دامەزراوە گشتییەکانە بۆ ئەوەی کەسانی تێکدەر بە قۆستنەوەی سەرقاڵبوونی هێزە ئەمنییەکان لە پاراستنی گیانی خۆپێشاندەران، نەتوانن هێرشیان بکەنە سەر.

ئێران چاودێریی پێشهاتەکانی عێراق دەکات

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە مالپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە نیگەرانن بەو ڕووداوانەی لە عێراق کوژران و بریندارببوونی دەیان کەسی لێکەوتووەتەوە و زیانی ماددی بەر مال و مۆلکی گشتیی کەوتووە. عەباس موسەوی باسی لەوە کرد پشتیوانی لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی عێراق دەکەن کە لە لایەن سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، عادل عەبدولمەهدی و مەرجەعییەتی ئایینی شیعەوە پشتڕاستکراونەتەوە و گوتی: ئێران بەوریایی و هەستیاریەوە چاودێری پێشهاتەکانی عێراق دەکات. باوەڕمان وایە گەلی عێراق، حکوومەت و مەرجەعییەتی ئایینی کێشەکانی چارەسەر دەکەن و بەیەکەوە کاردەکەین بۆ گەشەپێدانی عێراق.

بڵاوەپێکردنی مانگرتنەکان

هەر دوێنێ یەکشەمە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە بە فەرمانی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی هێزەکانی دژە تیرۆر لە زۆربەی ناوچەکانی شاری بەغدا بڵاوکراونەتەوە بە ئامانجی پاراستنی دامەزراوە گشتییەکان. بڵاوکردنەوەی هێزەکانی دژە تیرۆر و سوپا لە شاری بەغدا وەک هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەوشی ئەمنی شارەکە دێت دوای ئەوەی خۆپیشاندەران لە میانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانی هەینی و شەممەی ڕابردوودا، 80 بارەگای پارتەکان، حەشدی شەعبیی و دامەزراوە گشتییەکانیان سووتاندبوو. سەرچاوە ئەمنییەکە گوتیشی: بڵاوکردنەوەی هێزەکانی دژە تیرۆر لە بەغدا دوای ئەو هات کە هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی نەیان توانی ڕەوشی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن.

کوژرانی حەوت خۆپیشاندەر لە شاری حلله

لە ئاکامی تەقەی چەکدارانی ڕێکخراوی بەدر لە خۆپیشاندەرانی شاری حلله باشووری عێراق، حەوت خۆپیشاندەر کوژراون و 42ی دیکەش بریندارببوون. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی عێراق بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە: شەوی یەکشەمە چەکدارانی ڕێکخراوی بەدر سەربە حەشدی شەعبی تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی شاری حلللە، کردووە. بەگوتەی سەرچاوەکە لە ئاکامی تەقەکاندا، حەوت خۆپیشاندەر کوژراون و 42ی دیکەش بریندارببوون. هاوکات چالاکوانان چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکردەوە کە تیایدا ئەوە نیشان دەدرێت، چەکدارانی ڕێکخراوی بەدر تەقە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دەکەن.

ڕاگرتنی پەخشی کەناڵەکانی عەرەبییە و عەرەبییە حەدەس

دوای چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و ژمارەیەک شاری باشوور، بە بڕیاری حکوومەتی عێراق، پەخشی کەناڵەکانی عەرەبییە و عەرەبییە حەدەس کە دوو کەناڵی سعوودیین لە عێراق ڕاگیران. لەوبارەوە کەناڵی عەرەبییە پشتڕاستیکردووەتەوە کە حکوومەتی عێراق، پەخشی کەناڵەکانی عەرەبییە و عەرەبییە حەدەسی لە عێراق ڕاگرتووە بە بیانووی ئەوەی مۆڵەتی کارکردنیان نییە. ئاماژە بەوەشکراوە کە هێزێکی پۆلیسی عێراق داوای لە پەیامنێرانی هەردوو کەناڵەکە کردووە چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانیان لە عێراق ڕابگرن. باس لەوەشکراوە کە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوون لە ڕوومالکردنی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە شارەکانی عێراق لە لایەن هەردوو کەناڵەکەوە، حکوومەتی عێراق ئەو بڕیارەی دەرکردووە. تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەش هیچ ڕوونکردنەوە و زانیارییەک بە فەرمی لە لایەن کاربەدەستانی عێراقەوە لەوبارەوە بڵاونەکراوەتەوە.

سەدر داوا لە بەرپرسانی عێراق دەکات دەستلەکاربکێشنەوە

موقتەدا سەدر لە ڕاگەیەنراوێکدا دەڵێت، ئەگەر دەسەڵات توانای چاککردنی ئەوە گەندەڵییەی نییە کە بەر لەوان ئەنجامدراوە، ئەوا کەڵکیان نییە و ئەوانەی بەر لەوانیش بەهەمان شێوە سوودیان نییە. سەدر ڕووی قسەکانی ئاراستەی بەرپرسانی حکوومەتی عێراق کردووە و دەڵێت: ئەی گەندەڵکاران، واز لە گەل بهێنن و کۆتایی بە چەوسانەوە و ستەم و جیاکاری بهێنن، گەل شکۆی دەوێت و خواستی ژیانێکی باش و نیشتمانێکی بێ گەندەڵی و گەندەڵکارانی هەیە. سەدر دەشڵێت: بەسە.. بۆ ئەوەی عێراق پەلکێشی گێژاوی گێرەشێوێنی و شەڕی ئەهلی نەکرێت و هەموو شتێک کۆتایی پێ نەیەت، ئەمڕۆ بەرپرسیارییەتی دەکەوێتە سەر گەورەکانی گەل و حکومڕانەکانی، دەستبەجێ کۆتایی بەو ئاژاوەگێڕییە بهێنن. لە کۆتاییدا دەستلەکاربکێشنەوە بەر لەوەی لەکار لابببرێن.. یان خۆتان چاک بکەن بەر لەوەی بهێنرێنە خوارەوە. جێی ئاماژەیە سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر پاڵپشتی لە فراکسیۆنی سائیرون دەکات کە خاوەنی 54 کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئێران: سعوودیە هانی خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنان دەدات

ئەندامی لیژنەی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە لە پەرلەمانی ئێران، عەلائەددین بروجەردی ڕایگەیاند، سعوودیە هانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی عێراق و لوبنان دەدات. عەلائەددین بروجەردی بۆ ئاژانسی هەواڵی ICANA قسەی کردووە و گوتوویەتی: کاربەدەستانی سعوودیە، بە هۆی خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنانەوە جەژن دەگێڕن و هانی ناڕەزایەتییەکان دەدەن. ئەمریکا و زایۆنیستەکان پلان دادەڕێژن بۆ زیادکردنی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان. بروجەردی باسی لەوەش کردووە لە لوبنان هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی دۆزمنایەتی بخرێتە نێوان خەڵک ڕێکخراوی حزبوڵڵا و گوتی: "فێتنەکانی دۆزمن لە عێراق و لوبنان کاتییە و ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنن. تەمەنی هەردوو خۆپیشاندانەکە لە قەیرانەکەی فەرەنسا کەمتر دەبێت کە چەند مانگێکە بەردەوامە.



ئیسپانیا.. 350 هەزار سەربەخۆخوازی کەتەلۆنیا ڕژانە سەر شەقامەکان

سەربەخۆخوازانی کەتەلۆنیا لە شاری بارسێلۆنا خۆرهەڵاتی ئیسپانیا، خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتیان ڕێکخست، بەو هۆیەشەوە پۆلیس دەستوەردانی کرد بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و لە ئەنجامدا، لانیکەم دوو کەس دەستگیرکران و چەند کەسێکیش بریندارببوون. دوای ئەوەی دادگای باڵای ئیسپانیا لە 14ی تشرینی یەکەمدا بە بڕیارێک نۆ سیاسەتمەداری کەتەلۆنیای بە هۆی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کە لە یەکی تشرینی یەکەمی2017 ئەنجامدرا بە نۆ ساڵ بۆ 13 ساڵ زیندانیکردن سزادا، ئەو خۆپیشاندانانەی لە ناوەندی بارسێلۆنا دەستپێکردووە پێی نایە 13ەمین ڕۆژەوە. هێزە ئەمنییەکان دەستوەردانیان لە خۆپیشاندانەکە کرد و خۆپیشاندەرانیش بەرد، هێلکە و تۆپی تێنسیان گرتە ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس. ڕاگەیاندنەکانی ئیسپانیا باسیان لەوە کرد کە لانیکەم دوو کەس دەستگیرکراون، چەند کەسێکیش بریندارببوون کە یەکێکیان لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ کراوە. خۆپیشاندانەکە کە لە لایەن دوو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێکخرابوو و 350 هەزار کەس بەشداریان تیادا کرد، بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی پێ هات.



سەزای تەمەللی: تورکیا دەیەوێت عەرەب لە شوێنی کورد نیشتەجێ بکات

K24/ هەڤپەیڤینێ یەکشەمە، نورجان کایە ژنە رۆژنامەنووسی کوردی دیاری تورکیا لە لایەن پۆلیسەوە بەبیانووی بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و کینە لەناو کۆمەڵگەی تورکیدا دەستبەسەر کرا. نورجان کایە لە فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراوە و دۆسیەکەشی براوەتە بەردەم دادوەر.

نورجان لە پێگەی خۆی لە تویتەر بڵاوی کردەوە، پۆلیسی تورکیا لەسەر داوای دادوەر لەناو فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ دەستبەسەریان کردووە. ئەو بۆ خۆی ئامادەی بۆ کردووە، کە ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی بەرپاکردنی دووبەرەکییە لەناو کۆمەڵگەی تورکی، بەوەی پشتگیری لە پەکەکە کردووە، هەروەها دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان بۆچوونی خۆی دەربڕیوە.

ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردەوە، رەنگە نورجان ئازاد نەکرێت و دەستبەسەر بکرێت تا ئەوکاتەی دادوەر بڕیار لەبارەی دۆسیەکەیەوە دەدات.



بەهۆی دژایەتیی پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان

لە تورکیا ژنە رۆژنامەنووسێکی کورد دەستگیر کرا



کەرکووک.. کوژرانی پێنج تیرۆریستی داعش

فەرماندەیی پۆلیسی فیدرالی عێراق رایگەیاند، پێنج تیرۆریستی داعش لە پارێزگای کەرکووک کوژراون کە یەکێک لە تیرۆریستە کوژراوەکان سەرکردە بووە لەنێو ریزەکانی داعشدا.

دوێنێ یەکشەمە فەرماندەیی پۆلیسی فیدرال لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە پێنج تیرۆریستی داعش لە پارێزگای کەرکووک کوژراون، هەروەها ژمارەیک نارنجۆک و مۆبایل لەگەڵ گوللەنەڕ و ناسنامەی ساختەکراوی باری شارستانیی دۆزراونەتەوە.

بەپێی راگەیەندراوەکە یەکێک لەو پێنج تیرۆریستەی کە کوژراون ناوی محەمەد عەدنان شوەیشە و ئامر مەفرزەی بۆمبرێژکردن بووە لە بەرەب و گۆڕینی دیمۆگرافیایە بە ناوی گەڕاندنەوەی پەنابەران.

تەمەللی دەشڵێت: هیچ کاتێک لە رۆژئاوای کوردستانەوە هێرش نەکراوەتە سەر خاکی تورکیا، بەڵام ئەوکاتەی داعش دراوسێی حکوومەت بوو، هەموو دەرگاکانیان بە رووی دەردەکەوێت کە ئامانجیان تەنیا جێگیرکردنی ڕووداکراوە بوون.

لەناوبردنی کورد بە سوورەتەکانی ئایین



فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد

نەتەوەی کورد، وەک هەموو نەتەوەکانی دونیا کە خودان میژوو و کولتوور و خاک و زمان و هەستی نەتەوەییە و، هەروەها گەورەترین نەتەوەی دونیایە کە هەتا ئێستا خودان دەوڵەتی خۆی نییە. لەتەک ئەوەشدا هیچ کاتێک زیانی بۆ گەل و نەتەوە و ئایینەکان نەبووە و نییە، باشترین نموونەش هەرگیز کێشەی نەبووە لەگەڵ نەتەوەکان بەدرێژایی میژوو لە هەموو ئەو جێگایانەی لێی بووە، هەروەها هەرگیز کێشەی ئایین و مەزهەبیشی نەبووە.بەڵکو کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتە سیاسیەکان بووە و کەجوڵانەوەی کورد تەنیا و تەنیا داوایی ئازادی بۆ نەتەوەی کوردی لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانکردوە و دەکات.

لەم رووە میژوویەکی زۆری هەیە، کە هەمیشە بە ئاشتی و پێکەوە ژیان باشترین بژاردەی بووە، لەگەڵ ئەو نەتەوە و ئایین و مەزهەبانەی کە لەو سنوورە جوگرافیایەی پێکەوە بوون، کە کار گەیشتووە بەوەی زۆر جار کەسایەتی سیاسی و ئایینی زۆر بەجدی بەرگری لە دۆزی رەوای کورد کردووە، نموونەش (جەمال عبدالناسر) لە میصر کە زۆر هەنگاوی نا تا کیانی کورد بپارێزێت و بناسرێت، وەک کردنەوەی رادیۆی کوردی و پێشوازی لە سەرکردە کوردەکان و داکۆکی کردن لە مافی رەوای نەتەوەی کورد، لەکاتێکدا خودی ناسر بە ناسیۆنالی عەرەب دادەنرێت.

هەروەها "محەمەد سەدر" کە حکوومەتی ئەوکاتی عێراق داوای کرد فتوابدات کە شەڕ لە دژی کورد لە شۆڕشی ئەیلول جیهادە، کەچی زۆر بە ڕاشکاوی رەتی کردەوە. بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە لەم سەردەمەی دونیای کرانەوە و پێشکەوتندا لە سێ کات و شوێنی جیاوازی کوردستان شەڕی کورد کراوە و دەکرێت بە چەکی ئایین: بۆ نموونە:

1- لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی (1979) جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان سوورەی (نسر)ی بەکارهێنا!

2- لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدە رابردوو، رژێمی بەعسی عەرەبی بە سوورەتی ئەنفال سەدان هەزار هاوواڵاتی کوردیان بێ سەر و شوێن کرد و هەتا ئێستاش زۆرینەیان هەر ڕوفاتیشیان نازانرێت لەکوێ یە!

3- تورکیاش بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچە بچووکە ئازادکراوەی رۆژئاوای کوردستان پەنای بردە بەر سورەتی (فتح) کە زیاتر لە هەشتا هەزار مزگەوتی تورکیا ئەو سورەتە خوێندراوە بە مزگەوتەکانی ناوچە کوردیەکانیشەوە بۆ هێرشی سەر رۆژئاوا!

جا نازانین پیاوانی ئایینی بەگشتی و پیاوانی ئایینی کورد چ کاتێک دێنە وەڵام بۆ ئەم زوڵمە لە کورد دەکرێت بەچەکی ئاین وەک گەلیکی دوور لە دین مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە ئەگەر هەر لە بەر نەتەوەی کوردیش نا بەڵکو لەبەر خودی ئاینەکە خۆی کە ئایا: ئایین لەگەڵ ئەم بەکارهێنانی سورەتانەیە یان نا بۆ زوڵمکردن و لەناوبردنی کورد! چونکە لە نەبوونی وەڵام و هەڵوێست لەبەرانبەر بەکارهێنانی ئەو سورەتانە، رازی بوون دیارە و دەخوێندنریتەوە!

داگیرکاریی تورکیا کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە

شێخ محەمەد عەبدۆ: سوپاو میلیشیاکانی تورکیا گەنم و جۆی بەکۆگاکراوی (گرێ سپی)یان ئاودیوی تورکیا کردووە



شێخ محەمەد عەبدۆ، بەرپرسی سایلۆی گرێ سپی بە ئاژانسی هەواڵی هاواری راگەیاندووە: سوپای تورکیا و میلیشیاکان گەنم و جۆی بەکۆگاکراوی گرێ سپی یان ئاودیوی تورکیا کردووە. هەروەها گوتی: ئێمە دوای وەرزی دروێنە ئەو بەربوومانەمان بە نرخی 160 لیرە لە هاوواڵتیان کڕی بوو و بەشی سااڵ و نیوێکی ناوچەی دەکرد. هەروەها گوتیشی: میلیشیاکانی تورکیا مااڵەکەیان سووتاندووم و هەڕەشەی کوشتنیان لەهەموو ئەو کەسانەش کردووە کە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی خۆسەر کاربیان کردووە.

لیندسی گراهام: پێویستە ناوچەیەکی ئارام بۆ پاراستنی کورد لە باکووری سووریا دڕووست بکرێت



K24/ سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی نوێنەرانی ئەمەریکا، لیندسی گراهام، رایگەیاند، هێزی ئەمەریکا لە سووریا دەمێنێتەوە بۆ پارێزگاری کورد. گوتیشی: تەرمپ جەخت لەسەر لەناوبردنی داعش دەکاتەوە و کوردیش ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکات.

هەروەها گوتی: داگیرکاری تورکیا کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە و پێویستە بپرسین هاوکاری تورکیا بۆ کۆژرانی بەغدادیی چ کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی تەرمپ دەبێت بەرامبەر بە تورکیا. لیندسی گراهام، باسی لەوەشکرد، کوژرانی بەغدادیی قۆناغێکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە و سەرەتای گۆڕینی یارییەکەیە.

سەبارەت بە پرسی نێوان کورد و تورکیاش گوتی: پێویستە کێشەی نێوان کورد و تورکیا چارەسەر بکرێت و ناوچەیەکی ئارامیش بۆ پاراستنی کورد لە باکووری سووریا دڕووست بکرێت.

روحانی: ئەوەی ئەمەریکا دەیکات هاوتای تیرۆری ئابوورییە



سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی ئاماژەی بەوەکرد ئەمەریکا هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئابووری جۆراوجۆرەوە، بگاتە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و رایگەیاند، ئەمە هاوتایە لەگەڵ تیرۆری ئابووریی. حەسەن روحانی لە میانی 18یەمین لووتکەی سەرۆکی وڵاتان و سەرۆکوەزیرانەکانی بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن کە لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان پێشکەشیکرد، ئاماژەی بەوەکرد ئەمەریکا خوازیارە شیرازەیەکی تاک جەمسەریی پێکبهێنێت و زیادبوونی هێزی ئەو وڵاتانەی کە لە پێشکەوتندان نیشاندەری بەرەنگارییە دژی هەژموونی ئەمەریکا. روحانی جەختی لەوەش کردەوە ئەمەریکا هێزی خۆی زیاتر کردووە، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان پێکدادانی دروستکردووە و هانی جودایبخوازیی و تیرۆر دەدات و بەپێویستیشی زانی وڵاتانی ئەندامی بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن هەرچییەک لە توانایاندایە بیکەن بۆ بەگژداچوونەوەی هەژموونی ئەمەریکا.

سەرکۆماری ئێران باسی لەوەشکرد کە ئەمەریکا پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکانی کردووە و رایگەیاند: ئەمەریکا هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئابووری جۆراوجۆرەوە، بگاتە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ تیرۆری ئابووریی. بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر ئەو گرفتانەدا، پێویستە وڵاتانی ئەندامی بزووتنەوەی بێلایەن پێکەوە کاربکەن. لەبارەی گرفتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، سەرکۆماری ئێران رایگەیاند: لە سایەی قۆناغی ئاستانادا کە تورکیا، ڕووسیا و ئێران ئەنجامیاندا، لە بەشێکی زۆری سووریادا دەستەبەری ئاشتی کرا.

هەولێر.. دەست بەسەر 124 کارتۆن جگەری ماوە بەسەرچوودا گیرا



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە راگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەدا، لە هەولێر دەست بەسەر 124کارتۆن جگەری ماوەبەسەرچوودا گیراوە.

دوێنێ یەکشەممە/27/10/2019 بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر راگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی توانییان دەست بەسەر ئەم ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەدا بگرن، دوای پشکنینێکی ورد لەسەر ئۆتۆمبێلەکە، توانییان دەست بەسەر بڕی 124 کارتۆن جگەری مریشکدا بگرن، کە بەشێکی ماوەبەسەرچوو بوون، کە لە نێویان بەشێوەیەکی شاراوە حەشاردرابوو بڕەکەی زیاتر لە 800 کیلۆگرام بوو.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەوەش خراوەتە ڕوو، هەروەها توانرا دوو تۆمەتبار کە بە ڕەگەز ئێرانی بوون، دەستگیریان بکەن، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

دوای وەرگرتنی زانیاری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی تاوانە ڕێکخراوەکانی سەر بە ئاڵاڤانسی پاراستن، نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی ناوەڕاست بەدواداچوونی بۆ ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەست پێ کرد، کە لە دەروازەی حاجی ئۆمەران هاتبووە نێو هەرێمی کوردستان بە تایبەتی شاری هەولێر.

باس لەوەش کراوە: لە پارێزگاری هەولێر، فرسەت سۆفی رایگەیاند: ئەگەر کۆمپانیایەک داوای دامەزراندن بکات، ئەوا داوا دەکەین کە ڕێژەی کرێکاری خۆمالی لەبەرچاو بگیرێت و ئەمەش یەکێکە لە پڕۆژەکانی حکوومەت بۆ بەگەڕخستنی کرێکارانی ناوخۆیی.

بەرنامەی بەرەوپێشەوە کە پڕۆژەیەکی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوی هابیتات و یونێپن دی پیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە دەستی بەکارەکانی کرد کە تیایدا ئەو پڕۆگرامە بە مەبەستی ئەوە دامەزراوە تا هەماهەنگی و هاریکاری ئەو کۆمەڵگایانە بکات کە بە هۆکاری قەیرانی سووریا و عێراقەوە زەرەرمەند بوون و بوودجەی پڕۆژەکەش لە لایەن پارێزگای هەولێر و دەزگای ڕوانگەوە جێبەجێ دەکرێت. گۆڕەی ئەو پڕۆژەیە 3 ملیۆن دۆلارە و بۆ ڕەخساندنی هەلی کار تەرخانکراوە کە بریتین لە زیادکردن و دابینکردنی هەلی کار بۆ 400 کەس، هەروەها دابینکردنی مەشقی پیشەگەریی بۆ 150 کەس و کۆی گشتی 550 کەس لەم پڕۆژەیە سوودمەند دەبن.

لە میانی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکەدا پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: بە لامانەوە گرنگە ئەو هەزاران کەسەی کە زانکۆ تەواو دەکەن و ناتوانن لە کەرتی گشتی دابمەزرێن ئەوا لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن، بۆیە بابەتی دامەزراندن یەکێکە لە ئەولەویاتی ئێمە و ئەوەی لە توانامانداە بێت دەیکەین، بۆ ئەوەی زۆرترین دەرفەت بڕەخسێنین، بۆیە پشتگیری هەموو پڕۆژەیەکی هاوشێوە دەکەین.

بەڕێوەبەری پڕۆگرامەکان داستان قادر لە دەزگای ڕوانگە، ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە کۆمپانیا بەشداربووەکان تا ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەم داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بەزووترین کات پڕۆژەکە بکەوێتە کار.

داستان قادر لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: ئامانجی سەرەکی ئێمە بریتییە لە پاڵپشتیکردنی سێ چینی کۆمەڵگا، ئاوارە، پەنابەر و چینی هەژاری کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی بتوانین باری ئابووریان بەرزبکەینەوە و لە ڕێگای ئەم پڕۆژەیە پێشوازی لە 550 کۆمپانیا دەکەین و لە کۆتاییدا 50 کۆمپانیا دەستنیشان دەکرێن و سەپۆرت دەکرێن بۆ ئەوەی 400 کەس دابمەزرێن و لانی کەم مووچەی شەش مانگیان پێ بدرێت.

گوتیشی: لەم پڕۆژەیەدا تەنها کۆمپانیا خۆمالییەکان بەشدارن کە لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکان کار دەکەن و ئەمڕۆش یەکەم ڕۆژە و دەبێت تا 10ی کانوونی یەکەم هەموو کۆمپانیاکان داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن و هەفتەیەک دوای ئەوە لیستی ناوەکان تەواو دەبێت و دەکەونە سەرکار.



هەولێر.. ڕەخساندنی هەلی کار بۆ 400 کەس



وەزارەتی بازرگانی هەرێم 5 سایلۆ دروست دەکات

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی عەمبارکردنی دانەوێڵە حکومەتی هەرێم بەنیازە5 سایلۆی تازە دروست بکات هەریەکێک لەو سایلۆیانە توانای عەمبارکردنی40 هەزار تەن گەنمی هەیە.

لەمبارەیەوە نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕوونیکردەوە: بەپێی بەرنامەو ئەو پلانەی کە حکومەتی هەرێم داینـاوە بریتییە لە دروستکردنی پێنج سایلۆ لە شارەکانی هەرێم و کاریگەری ئەرێنی و باشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران کە سالآنە ڕووبەڕووی جووتیاران دەبێتەوە هەریەکێک لەو سایلۆیانە توانای عەمبارکردنی 540 هەزار تەن گەنمیان هەیە بەوەش ئاستی گەنمی عەمبارکراوی سالآنە بەرز دەبێتەوە.

هەولێر.. 11 بارهەڵگر کەلوپەل و 50 هەزار دۆلار کۆمەک بۆ ڕۆژئاوا کۆکراوەتەوە



سەرپەرشتیاری کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند: کەمپینی هاواری نیشتیمان لە شاری هەولێر کۆتایی هات و توانیمان 11 بارهەڵگر کەلوپەل و 50 هەزار دۆلار کۆبکەینەوە و 9بارهەڵگریش ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کراون و ئەوانەی دیکە پارەکەش ڕەوانە دەکەین، بۆ ئەو مەبەستەش حکوومەت و دەزگا ئەمنییەکان هەموو هاوکارییەکیان کردووین.

سیروان گەردی ڕایگەیاند: ماوەی چەند ڕۆژێکە کەمپینێک بە ناوی هاواری نیشتیمان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەستی پێکردووە و توانیمان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا11 بارهەڵگر کەلوپەل کۆبکەینەوە کە زیاتر لە 106تۆن بوو و9 بارهەڵگریش ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کراون و2 بارهەڵگرەی دیکە و50 هەزار دۆلاریش ماوە، ئەویش بە زووبی ڕەوانە دەکەین.

قەدەغەی بەرهەمی بیانی عەلوەکانیش دەگرێتەوە



سالآنە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ لەگەڵ گەیشتنی بەرهەمی خۆمالی، هاوردەکردنی بەرهەمی بیانی قەدەغە دەکات، بەڕێوەبەرێکی گشتیش لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئاشکرای کرد، ئەو بەرهەمە قەدەغەکراوانە، نابێ لە عەلوەکانیش بفرۆشرێن.

خالس ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ڕایگەیاند: وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی کاریگەریی بەرهەمی بیانی لەسەر بەرهەمی ناوخۆ کەم بکاتەوە و لەوبارەیەوە، چەند ڕێوشوێنێکی پێویست گیراونەتەبەر. لەوانەش، لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆدا هاوردەکردنی بەرهەمی بیانی قەدەغە دەکرێت، چونکە ناکرێت بەرهەمی جووتیارانی ئێمە لە بازاڕدا ساخ نەکرێتەوە، بەهۆی هەبوونی بەرهەمی بیانییەوە.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: بەداخەوە لە کاتی قەدەغەکردنی بەرهەمی بیانیدا لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە بەرهەمی بیانی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و سالآنە تێبینیی ئەوەمان کردووە سەرەڕای دەرچوونی بڕیاری قەدەغەکردنی بەرهەمی بیانی، کەچی لە بازاڕدا هەیە.

خالس ئەحمەد جەختی کردەوە: ئەمساڵ وەزارەت ڕێوشوێنی نوێ دەگرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنی بەرهەمی بیانی و بڕیاریشە چاودێری بخرێتە سەر عەلوەکان و هەر بەرهەمێکی بیانی هاوردەکردنی قەدەغەکرا بێت، نابێ لە عەلوەکانیش کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت و بەپێچەوانەوە سەرپێچیکاران سزای یاسایی دەدرێن.

کەرکووک.. قوتابخانەیەکی کوردی ناوی گۆڕدرا بۆ بڕیاری شەهید ئاسۆ



لە شاری کەرکووک قوتابخانەیەکی خوێندنی زمانی کوردی لە شارەکە، ناوی گۆڕدرا بۆ بڕیاری شەهید ئاسۆ.

بە هەوڵی لقی کەرکووکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ناوی قوتابخانەی هەندرێنی سەرەتایی لە کەرکووک، گۆڕدرا بۆ قوتابخانەی بڕیاری شەهید ئاسۆ، ئەمەش وەک ڕێزلێنان بۆ ڕوحی بڕیاری کوڕی شەهید ئاسۆ.

ڕۆژی 31/7/2019 لە هێرشێکی تیرۆریستانی داعش لە سنووری شارەدێی کوڵەجۆ لە گەرمیان، ئاسۆ جەلال کە کارمەندی ئاسایش بوو شەهید کرا، پاشان منداڵێکی بە ناوی بڕیار نەخۆش کەوت، ئەوکات کەسوکارەکەی ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە بە ڕێژەیەکی زۆر هۆگری باوکی بووە، بە شێوەیەکی کتوپڕ، دوای شەهیدبوونی باوکی نەخۆش کەوت و دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

ل دهوکێ نوشداران ب ڕێکا نشتەرگەریەکێ گولچیسکەکا 5 کلیو ژ لەشێ ئافرەتەکێ ئینادەر



خەبات.. دهۆک

ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهوکێ هاتە زانین کو ل ڕۆژێن دەربازبوی و پشتی ئەنجامدانا نشتەرگەرییەکێ ژلایێ نوشدارێن تایبەمەند گولچیسکەکا 5 کیلوگرام ژ لەشێ ئافرەتەکا چل سالی هاتە دەرئێخستن.

د.شاکر سەلیم بالندی تایبەتمەندێ نەخوشییێن گولچیسکا دا زانین کو قەبارێ سروشتی یێ گولجیسکا مروڤی 150 گرامە و نەخوشا ناڤبری کیس ل سەر گولچیسکێن وێ هەبو کو نەدهاتنە هژمارتن.

هەروەسا گوت: هەرمروڤەکێ ژ 50 سالییێ دەربازبو چانسێ چێبونا کیسکا ل سەر گولچیسکا ب ڕێژا 50% لێ دیار دبیت، بەلێ پتریا جاران دهێن چارەسەرکرن ب ڕێکا شوشتنا گولچیسکا و هەتا ئێک بو دهێتە چاندن و هەکە هەردوو گولچیسک مەزن بون پێدڤیە بهێنە ڕاکرن و نەخوش بو دەمێ هەیڤەکێ ل سەرشوشتنێ یێ بەردەوامبیت و هەر ڕۆژەکێ نە ئێکێ گولچیسک بهێنە شوشتن و پشتی هەیڤەکێ گولچیسکەک بو بهێتەچاندن.

بالندی گوت: ژبەر کو گولچیسکێن وێ ئافرەتێ ببونە 5 کلیو و زکێ وێ گەلەک مەزن ببو و جھ نەبو گولچیسکەکا دی ل شونا وێ بهێتە دانان ئەم نەچاربوین گولچیسکێ ڕاکەین ویا دی ژی ژکارکەتبو لەورا پشتی هەیامەکا دی دێ گولچیسکەکا دی بو هێتە چاندن.

119

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی: هێڵی ژمارە 119 بەردەوام لە خزمەت هاووڵاتیاندایە

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، بە هێڵی گەرمی ژمارە 119شەو و ڕۆژ لە خزمەت هاووڵاتیاندایە و ڕاشیدەگەیەنن، لە کاتی بوونی هەر توندوتیژییەکی خێزانی و بە تایبەت دژی ئافرەتان، دەتوانن پەیوەندی بەو هێڵە گەرمەوە بکەن.

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەراتییەکی بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان کردووەتەوە و هێڵی گەرمی ژمارە 119ی تایبەت کردووە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بە تاکەکانی خێزان و ئافرەتان، کە لە هەر ئەگەرێکی مەترسی بۆ سەر ژیانیان، هاووڵاتیان دەتوانن پەیوەندی بەو هێڵەوە بکەن و تیمەکانیان 24 کاتژمێر لە خزمەتی هاووڵاتییاندان.

بەهۆی پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکان 43 شۆفێن داخران

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: لەبەر پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان تەنیا لە هەولێر 16 شۆفێن داخران

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر: هەموو ئەو شۆفێنانە دادەخەین کەپابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نین

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بەنزینی کوالیتی خراپ و غازی ئوتومبێل هاوولاتیانی نیگەران کردووەو و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم دەکەن هەرچی زووە بەدواداچوون بۆ وێستگەکانی (بەنزین و غازی ئوتومبێل) بکەن، لەبەر ئەوەی هەم بەنزینی کوالیتی نزم هەمیش غازی کوالیتی خراپی ئوتومبێل زیان بەئوتومبێلی هاوولاتیان دەگەیەنن و هەر زوو لەلایەن (قامیقامیەتی هەولێر و دهۆک و سلێمانی) لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەدواداچوونیان بۆ غازی ئوتومبێل کرد و هەڵمەتی فراوانیان بۆ داخستنی ئەو وێستگانەی کە سیستمی غازی ئوتومبێلیان لەناو وێستگەی بەنزین داناوەبەبێ ئەوەی ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییەکان بکەن بەمەبەستی ئیمە بۆ ئەو بابەتە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو بەدواداچوونەمان ئەنجامدا.





"نەبەز عەبدولحەمید" قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕوونیکردەوە: هەرکەسێک ئەگەر نیازی دانانی وێستگەیەکی غاز یاخود بەنزینی هەبێت ئەوا پێویستە سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم بکات و بە فەرمی داوای دانانی وێستگەی غاز بکات، بەداخەوە چەند کەسێکی بازرگان دەستیان بەدانانی سیستمی غازی ئوتومبێل کردووە، بۆیە هەڵمەتێکمان بۆ داخستنی ئەو شۆینانە ئەنجامدا، دیارە ئەو کەسانە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییەکان بکەن ئەو کارەیان ئەنجامداوە و گوێیان بە دەرهێنانی مۆڵەت نەداوە، لەهەمان کاتیش بەستنی سیستمی غازیش ئەگەر بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان نەبێت ئەوا مەترسی بۆ سەر گیانی شوفێران و سەرنشینان دروستدەکات و زۆربەی ئەو شۆینانە کەل و پەلی ئێرانیان بۆ ئوتومبێلەکانیان بەکار هێناوە و کەس نازانێت چۆن دروستکراوە، بۆیە بڕیارماندا کە هەر هەموویان دابخەین و بەپێی ئەو ئامارەی کە تۆمارکراوە، ئەمساڵ 16 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوەی ئوتومبێل لە هەولێر بەهۆی سیستمی غازی ئوتومبێلەوە بووە و پێنج لەو ئوتومبێلانە بەتەواوی سووتاون و دوو شوفێریش بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو بازرگانانەی کە سیستمی غازی ئوتومبێل دادەنێن ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییەکان بکەن.

هەرکەسێک بەبێ هەبوونی مۆڵەت و

پابەندنی ڕێنماییەکان نەبێت ئەوا شۆێنەکەی دادەخرێت

دواتر عەمید "شوان ڕەواندزی" بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر ڕوونیکردەوە: دەبێ بازرگانان و ئەوانەی کەسیستمی غازی ئوتومبێل دادەنێن لەسەرەتادا پێویستە داوای مۆڵەت بکات و پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان بێت، لە هەڵمەتێکدا بەهاوکاری و هەماهەنگی (قایمقامیەتی هەولێر) توانرا 16 شۆێن دابخرێت، لەبەر ئەوەی پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نەبوون و ئەو کەل و پەلانەی کە لەو سیستمی غازیەدا کە هەیە هیچیان کوالیتیان وەکو پێویست نێن و مەترسی بۆسەر گیانی شوفێران دروستدەکات.

ڕاو سەرنجی ژمارەیەک لە هاوولاتیانمان وەرگرت

"سەید عەباس" فەرمانبەر گوتی: دانانی سیستمی غازی پرۆژەیەکی زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ ئەو هاوولاتیانەی کە حەز بەدانانی سیستمی غازی ئوتومبێل دەکەن، پێویستە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی حکوومەت بن بۆئەوەی گیانی ئێمەی هاوولاتیان پارێزراو بن.

"سالار عەلی" فەرمانبەر گوتی: ئەگەر هاتوو ئوتومبێل و شوفێر پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان بن، ئەوا هیچ کەس دووچاری ڕووداوی مەترسیدار نابێت.

خاوەنی شۆێنی سیستمی غازی ئوتومبێل قسەی خۆیان هەیە

"سابیر"خاوەنی شۆێنی سیستمی ئوتومبێل گوتی: ئێمە هەموو کاتێک حەزدەکەین کەپابەندی ڕێنماییەکان بین و ئەو غازەی کە دەیهێنین کوالیتی بەرزە جێگەی مەترسی نییە.

"لوقمان" خاوەنی شۆێنێکی دیکەبوو گوتی: ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە هەموو شۆێنەکانی سیستمی غازی ئوتومبێل پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان بن، تا گیانی هاوولاتیان مەترسیدار نەبێت و هەوڵدەدەین غازی کوالیتی بەرز بهێنین.



شۆفێری تەکسی ئافرەت هەبێ یان نەبێ..؟

نەشمیل محەمەد: شۆفێریی تەکسی جۆرێکە لە پیشە و سەرچاوەی بژێوییە بۆ کۆمەڵێک

ڕاپۆرت-پەریها عومەر

لەم ڕاپۆرتەدا چەند کەسێک ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر ئەوە دەردەبڕن کە ئایا شوفێری تەکسی ئافرەت هەبێت یان نەبێت؟ ئەگەر هەبێت چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگە و خودی ئافرەت دەبێت؟ بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە چین و بۆچی ئافرەتان شوفێری تاکسی و پاس ناکەن؟



نەشمیل محەمەد شەریف لەم بارەیەوە دەڵێت: شۆفێریی تەکسی جۆرێکە لە پیشە و سەرچاوەی بژێویە بۆ کۆمەڵێک خێزان، زۆر ئاساییە کە ئافرەتیش وەکو پیاو بەشداری ئەم پیشەیە بێت، بەڵام لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان یاخود وڵاتنی جیهانی سێیەم کاری تەکسی بۆ ئافرەت کەمێک ئەستەمە، چونکە لەم جۆرە کۆمەڵگایانە کە ئاشنایەتیان بەم پیشەیە بۆ ڕەگەزی مێ نییە، لەوانەیە تاڕادەیەک لە ڕووی نەریت و کەلتووری کۆمەڵگای ئێمە کۆسپ و تەگەرەی جۆراوجۆری بۆ بێتە پێش، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مەحاڵە ئافرەت لەم ڕوویەوە شکست بێنێت، لە زۆرێک لە وڵاتانی دەوروبەرمان ژن شۆفێری تەکسی یان پاس بووە، کە تەنیا نەفەری ئافرەتی سوار کردووە، بۆیە دەڵێم دەکرێت لە کۆمەڵگای ئێمەش سەرەتا بەم شێوەیە ئافرەتی شوفێر دەست پێ بکات، واتا تەنیا هەڵگرتنی ئافرەت، بەڵام پێویستە ئەم بابەتە بە یاسای تایبەت بەم بواڕە ڕێک بخرێت، کە لە بەرژەوەندی هاوولاتیانیشدا دەبێت، هەم لە ڕووی کات و هەم لە ڕووی نرخ و هەم لە ڕووی ئەتنیەوە، بۆیە بە ڕای من دەکرێت ژن شۆفێری تەکسی بێت، بەڵام نەک هەر ئاوا بە هەڕەمەکی پێویستە بە سیستەم و یاسای تایبەت بەخۆیەوە دەست پێ بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتنی باش بەدەست بێنێت و لە هەمان کات بە پێی سیستەمی مۆدێرن و سەردەم هەنگاو بەرێتە پێش.

سانا کۆیی دەڵێت: بەڵێ بۆ شوفێری ئافرەت زۆریش باشەو بگرە پێویستە یەک لەڕووی ئابووری بۆ خوودی ئافرەتەکە دووەم لەبەر ئافرەتانیتر دەبینی تا ئێستا هەندێک ئافرەت هەن ناتوانن بەتەنیا بەتەکسی هاتوچۆ بکەن ئەوکاتە بێ ترس کاروبارەکانیان جێبەجێ دەکەن، کە ئەمەش جێگای دەستخۆشیە بۆ ئێمەی ئافرەتان، سەبارەت بە شۆفێری تەکسی بۆ ئافرەتان من لەگەڵ شۆفێریکردنی ئافرەتان نیم بۆ کاری تاکسی کە هەرچەندە خۆشم ئافرەتم، ڕەنگە لەکۆمەڵگەی ئەوروپی گونجاوتربێت بۆ ئەم کارە، بەڵام بەڕای من هەر کۆمەڵگەو کلتووری خۆی هەیە بەپێی کلتوری کۆمەڵگە کەسەکان دەبێت هەڵسوکەوت بکەن و هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە ئافرەت لێرەدا ڕووبەڕووی ڕەخنەو توانج دەبێتەوە بۆ ئەم کارە و ناتوانێت تیایدا سەرکەوتوو بێت .

شەیما باییز: ئافرەت ڕێنمایەکانی هاتوچۆ باشتر پەیڕەو دەکات

سانا کۆیی: هەندێک ئافرەت بەجۆرێک شۆفێری دەکەن نەک پیاوان، بگرە ئافرەتانیش تووڕە دەکەن



دەکەن، بەڵام خۆزگە وەک وڵاتانیتر لەڕێگەی سیستەمێکەوە ڕێکبخرێت جا چ حکوومەت خۆی ئەم کارە ئەنجام بدات یان لەڕێگای کۆمپانیای تایبەتەوە، هەندێکجار ناهەقیان نییە، چونکە هەندێک ئافرەت لەکاتی شۆفێریدا بەجۆرێک شۆفێری دەکەن نەک پیاوان بگرە ئافرەتانیش تووڕە دەکەن، دەبینی تازەفێری شۆفێری بووەو سەرەتایەتی هاتووەتە خەتی خێراوەو ناڕوا یان بێ ئیشارەت لەسوڕانەوەکاندا لادەدات یانیش بەمۆبایلەوە سەرقاڵ دەبێ یانیش لەگەڵ منداڵ و سەرنشینەکانیتر لە نێو ئۆتۆمبێلەکە سەرقاڵەو دەنگەدەنگی قسەکردنیان و زۆرجاریش بەرزکردنەوەی دەنگی ڕادیۆو میوزیک یانیش سناپکردن کەبەداخەوە ڕووداوی نەخوازراویان لێدەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی تووڕەکردنی شۆفێرانیتر نابێ بوترێ هەرکەسەو ئازادە، چونکە ئەمەیان لەسەر ڕێگای سەرەکییە و چۆنیەتی شۆفێریکردن پەیوەندی هەیە بەخۆت و هەم ئەوانەشی وەک تۆ لە شۆفێریدان.

شەیما باییز لەم بارەیەوە دەڵێت: بێگومان ئافرەت ڕێنمایەکانی هاتوچۆ باشتر پەیڕەو دەکات سەرەتا دەمەوێت لەوە دەست پێبکەم، کە هەروەک چۆن پیاوان بۆیان هەیە و دەتوانن شۆفێری بکەن بەهەمان شێوە ئافرەتان هیچیان کەمتر نیە بەهەرارود بە پیاوان تا نەتوانن شۆفێری بکەن، بەڵکو بگرە دەتوانم بڵێم هەندێک شۆفێری ئافرەت هەیە زۆر باشتر شۆفێری دەکات و ئافرەتان زیاتر پابەندی ڕێنمایەکانی هاتوچۆ دەکەن و کەمتر سەرپێچی

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/10/28 ژمارە (5858)
خەبات

سەرۆک مسعود بارزانی فریادرەسی (کۆبانێ) بوو

پێنجەم سالْیادی چوونی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ

ڕزگارکردنی کۆبانی داستانێکی نیشتیمانپەروەری بوو



پێشمەرگەی کوردستان بەخوێن (کۆبانێ)یان ڕزگار کرد



کاروان محەمەد سینۆ

لە کاتێکدا پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوەدا بوون بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دژی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆرستی لە جیهان کەبە (داعش) ناسرابوو و هێرشیان کردبووە سەر خاکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوای هەولێری پایتەخت و دەشتی نەینەوا و باشووری پارێزگای دهۆک. لەو دەمەدا لەرێکەوتی (15ی ئەیلوولی 2014) تیرۆرستانی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)،هەروەها هێرشێکی گەورە و بەربڵاویان کردە سەر ڕۆژئاوای خاکی کوردستان لە دەڤەری (کۆبانێ). هێرشی تیرۆرستان بۆسەر دەڤەری (کۆبانێ) بێجگەلەوەی خواستی فراوانکردنی پانتایی دەوڵەتە ئیسلامییەکەیان بوو، لەلایەکەشەوە تیرۆرستانی (داعش) خوازیاری ئەوەبوو کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد لە ڕۆژئاوادا لە ریشە دەربهێنن و کورد ئەنفال و جینۆساید بکەن و خەڵکەکەی شارەدەر و ئاوارە و دەربەدەر بکەن، بۆ ئەوەی دەڤەرکە لە بوونی کورد پاکتاو ببێت.

تیرۆرستانی (داعش) هێرشیان کردە سەر کۆبانێ

ڕۆژی 15ی ئەیلوولی 2014 تیرۆرستانی ڕێکخراوی دەوڵەتی خیلافەی ئیسلامی عێراق و شام، ناسراو بە (داعش) بە تۆپ و تانک و زرێپۆش و کاتیۆشا و هاون، هێرشێکی بەهێز و بەربڵاویان کردە سەر گوندەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەڤەری (کۆبانی) لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەو ڕۆژەدا تیرۆرستان 21گوندی کورد نشینیان داگیر کرد و دەستیان بەپاراست لە کوشتن و سەر بڕینی پیر و گەنج و پیاو و ژن. پاش دوو ڕۆژ واتا لە 2014/9/18 تیرۆرستانی (داعش) 22 گوندی دیکەیان لە دەڤەرەکەدا داگیر کرد. لە 2014/9/21 تیرۆرستان بەهەمان شێوە و شێواز 64 گوندی دیکەیان داگیر کرد. لە 2014/9/26 تیرۆرستانی (داعش) گەیشتنە دەوروبەری شاری (کۆبانێ) و گردی "مشتەنور"یان داگیر کرد کە گردێکی ستراتیجی و زاڵە بەسەر شاری (کۆبانێ). بەم شێوەیە شاری (کۆبانی) کەوتە بەر هەڕەشەی کەوتن.

لەئەنجامی هێرشی (داعش) بۆ سەر دەڤەرەی (کۆبانێ) 350گوند و شارۆچکەی دەڤەری (کۆبانێ) داگیر کرا و ژمارەیەکی زۆری سڤیلی کورد کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بێ سەروشوێن بوون و 60000 کەس ئاوارە بوون. ژمارەی چەکدارانی (داعش) لەم هێرشەدا زیاتر لە 4000چەکدار بوو و تیرۆرستانی داعش لەم هێرشەیاندا تانک و زرێپۆش و کاتیۆشا و دۆشکە و هاونی جۆراو جۆریان بەکار هێنابوو و دەستیان نەداپاراست لە بۆردوومان و کۆشتن و سەربڕینی خەڵک لەو هێرشەیاندا. لە 1/10/2014 تیرۆرستانی (داعش) گەیشتنە نزیک (1کلم) لە دەروازەی شاری (کۆبانێ) و لەوڕۆژەدا زۆرینەی زۆری هاوڵاتیانی (کۆبانێ) شارەکەیان بەجێ هێشت. لە 2014/10/2 تیرۆرستانی (داعش) دەروازەی شاری (کۆبانێ) و دووگەڕەکی باشووری شارەکەیان داگیر کردا. لە ڕۆژی 2014/10/3 تیرۆرستانی داعش 50%ی شاری (کۆبانێ)یان داگیر کرد و شەڕەکە کەوتە سەنتەری شارەکە.

ڕۆژی 2014/10/4 تیرۆرستانی (داعش) 85%ی شاری (کۆبانێ)یان داگیر کرد و هەموو جیهان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کە لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی شاری (کۆبانێ) لەلایەن تیرۆرستانی (داعش) داگیر دەکرێ و (کۆبانێ) دەکەوێ.

هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بەرامبەر داگیر کردنی کۆبانێ

بەداخەوە لەو سەردەمە و لەوسات و ئانەدا کە شاری کۆبانێ لەبەردەم هەڕەشی کەوتن و داگیرکردن دابوو و خەڵکەکەی ڕووبەرووی کوشتن و بێ سەروشوێنی و ئاوارەیی ببوون. لەوساتەدا هیچ وڵات و لایەن و کەسێک.. هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو بەرامبەر قڕان و قەڵاچۆکردنی کورد لە (کۆبانێ)، لەو دەمەدا بێجگە لە کورد بەهیچ شێوەیەک پێڵوی چاوی هیچ کەسێک تەڕنەبوو بەرامبەر قەڵاچۆکردنی کورد و سەربڕینی پیر و لاوانی کورد و کەنیزەکردنی کچانی ڕووسووری کورد لە (کۆبانێ). وەک ئەوەی بڵێی هەموجیهان لە



خەودابوون یاخود هەموو جیهان لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کەی شاری (کۆبانێ) دەکەوێ؟!. ئا لەو دەم و ساتەدا وەکو هەموو جارێک.. فریاد ڕەس و خەمخۆر و هانا بەری کورد و قەیرانەکانی کوردستان تەنها جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بوو کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی لەشکری کوردستان بوو، لە گوتەیەکیدا گەلی کوردی دڵنیاکردەوە و گوتی: "کۆبانێ ناکەوێ". لەوساتەدا جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاریدا کە بەهەر شێوەیەک بێت بەفریا و هانای خەڵک و شاری (کۆبانێ)وە بچێت و ڕزگاریان بکات لە قەڵاچۆ کردن و کەوتن و داگیر کردن. لەم ڕووەوە جەنابی سەرۆک بارزانی هەموو شیان و تواناکانی خۆی خستە گەڕ بۆ گوشار خستنە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاوپەیمانانی شەڕی دژ (داعش) و وڵاتانی هەرێمی و ناوخۆ بەتایبەت لەسەر ئاستی (تورکیا و عێراق) و لە 2014/10/7 سەرۆک بارزانی داوای لە وڵاتی تورکیا کرد کە ڕێگە بەپێشمەرگەی کوردستان بدات کە بەخاکی تورکیادا بچن بۆ ڕزگار کردنی کۆبانێ و ڕەزامەندییەکە وەرگیرا.

ئینجا لە چوارچێوەی ڕێکاری یاساییدا وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆک مسعود بارزانی لە نوسراوێکیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان، داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە ڕەزامەندی خۆیان بخەنەروو بۆ جوڵەپێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو شاری کۆبانێ لە پێناو ڕزگارکردن و فریادڕەسی خەڵکی کۆبانێ لە جینۆساید و قەڵاچوکردن.

لەسەر داوای سەرۆک بارزانی پێشمەرگەی کوردستان بەرەوە کۆبانێ بەڕێکەوتن

پاش ئەوەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی داوای ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ جوڵە پێکردنی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو ڕزگار کردنی شاری (کۆبانێ) لە داگیرکردن. لە ڕۆژی 2014/10/22 پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی دا بە جوڵەپێکردنی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕزگارکردنی شاری (کۆبانێ). دەموەدەست جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگەی کوردستان کرد کە بەرەو شاری (کۆبانێ) بکەونە ڕێ و بۆ ئەم مەبەستە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پێشتر میکانزم و ڕێکاری چوونی پێشمەرگە بۆ ناوخاکی تورکیا بە ئاراستەی شاری (کۆبانێ) پلانڕێژ و فەراهەم کردبوو.

بەم شێوەیە لە ڕۆژی 2014/10/28 بەفەرمانی سەرۆک مەسعود بارزانی یەکەم دەستەی کاروانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە (161) پێشمەرگە پێک هاتبوون، بە ئۆتۆبێل و بارهەڵگری سەربازی و چەکی و قورس و سوک لە هەولێری پایتەختی کوردستانەوە بەرەو ڕزگارکردنی شاری (کۆبانێ) بەرێ کەوتن. شایانی باسە لە ڕۆژی 2014/10/28 تاکو ڕۆژی 2015/4/29 ڕۆژی ڕزگار بوونی (کۆبانێ)، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە چوار دەستە ئاڵوگۆڕی هێزەکانی خۆی کردبوو لە بەرەی جەنگدا. لەکاتی گەرانەوەی هەر دەستەیەکی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی ڕزگارکردنی شاری (کۆبانێ)،خودی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە پێشمەرگەکان دەکرد و سوپاس و ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەکانی دەکرد لەهەست و هەڵوێستی نیشتیمانپەروەریان و بەجێگەیاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی بۆ ڕزگار کردنی شاری (کۆبانێ) لە داگیرکەر و تیرۆرستانی (داعش).

لە هەولێرەوە تاکو (کۆبانێ) میللەتی کورد گوڵبارانی پێشمەرگەیان دەکرد

پاش ئەوەی سەرۆک بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگەی کوردستان کرد کە ڕووەوە ڕزگارکردنی (کۆبانێ) جوڵە بکەن. لە ڕێ ڕۆی چوونی پێشمەرگە، هەر لە ناحیەی (خەبات)ـەوە خەڵکی نیشتیمان پەروەر ڕژانە سەر شەقام و بە فرمێسکی نیشتیمان پەروەریەوە هێزی پێشمەرگەیان گوڵباران دەکرد و شیرینی ییان بەسەر ئۆتۆبێلی پێشمەرگەیان دەباراند. بە هەمان شێوە بەدرێژایی ڕێگای هەولێر ـ کۆبانێ هەڵوێستی خەڵکی نیشتیمان پەروەر هاوچەشن و هاو شێوە بوو، لە بەردەڕەش.. و ڕوقیا.. و چڕە.. و شێخان.. و باعەدرێ.. و دهۆک.. و سێمێل.. و زاخۆ، شیرینی و فرمێسکی خۆشی و گوڵ تێکەڵی یەکتر دەبوون و بەسەر پێشمەرگەدا دەبارین. هەروەها بەهەمان شێوە لەو دیوی (سنووری دەستکرد)، لە سلێپی.. و نسێبین.. و قزلتەپە.. و ئۆرفا.. و سروجێ.. و هەتا سنووری تورکیا-کۆبانێ، بەهەمان شێوەی خەڵکی نیشتیمان پەروەری باشووری کوردستان، هەروەها خەڵکی باکوری کوردستانیش گوڵ و شیرینیان بە فرمێسکی نیشتیمان پەروەریان تێکەڵ دەکرد و بەسەر پێشمەرگەیان دەباراند. بەم شێوەیە لە ڕۆژی 2014/10/30 پێشمەرگەی کوردستان چوونە ناو شاری کۆبانێ و دەمو دەست بەرامبەر تیرۆرستانی (داعش) بە نزیکەی (300) مەتر سەنگەری بەرگری و ڕزگار کردنیان داکوتی.

شایانی باسە لەبەر ئاپۆڕا و پێشوازی و گوڵبارانی پێشمەرگە لەلایەن خەڵکی کوردستان لەباشوور و باکوور، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دووڕۆژ لە وادەی گەیشتن بۆ کۆبانێ (کە بۆیان دیاری کرابوو) دواکەوتن، بە گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ناو شاری (کۆبانێ)، دەم و دەست هەڵمەت و هێرشی پێشمەرگە بۆسەر تیرۆرستانی (داعش) دەستی پێکرد و دەموەدەست تەرازووی هێز بەلای شەڕڤانانی (کۆبانی) شکایەوە و هەرلەهەفتەی یەکەمی هێرشی پێشمەرگە، 50%ی شاری کۆبانێ ڕزگار کرا و لە ماوەی (پێنج مانگدا) تەواوی شاری کۆبانێ و 32کم لە گوندەکانی دەوروبەری کۆبانێ لەسەر دەست پێشمەرگەچاونەترسەکانی کوردستان لە تیرۆرستانی داعش ڕزگار و ئازاد کرا و هەروەکو جەنابی سەرۆک بارزانی فەرموو بووی کۆبانێ نەکەوت و ڕزگار و ئازاد کرا. ڕزگارکردنی شاری (کۆبانێ) وێرای شەهید و بریندارانی شەڕڤانانی (کۆبانێ)، هەروەها هێزی پشمەرگەی کوردستانی بۆ ڕزگارکردنی (کۆبانێ) شەهیدێکی کردە قوربانی بەناوی (زێرەڤان ئەکرەم عەبدولجەبار) و 16 پێشمەرگەی دیکەش برندار بوون.

لە پێنجەم سالیادی ئازدکردنی خاکی دەڤەری (کۆبانێ) و فریادڕەسی و ڕزگارکردنی خەڵکی شاری (کۆبانێ)، وەکو مللەتی کورد لە تەواوی کوردستان و جیهاندا سوپاسی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین بۆ ئەو هەڵوێستە بوێر و نیشتیمان پەروەر و جوامێرانەی کە بووە فریاد ڕەسی (کۆبانێ)، سوپاسی ئەو پێشمەرگە گیان لەسەردەستانەی کوردستان دەکەین کە بەشداریان کردبوو لە ڕزگارکردنی (کۆبانێ)، سەری ڕێز و نوازش دەنوێنین بۆ شەهید (زێرەڤان ئەکرەم عەبدولجەبار) و بریندرانی داستانی ڕزگارکردنی (کۆبانێ)، شاد و ئارام بێت کوردستان... هەرشەکاوەبێت ئالای پیرۆزی کوردستان.





وون بوون

پسوولەی شارەوانی کەورگوسک ژمارەی پسوولە ٠١١٠٥٠٣ بەبری ٦٠٠٠٠ بەناوی محمد فاروق ابراهیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مۆلەتی پیشەیی کاروبار (اجازەی فیتەری) ژمارەی مۆلەت ٣٣٥٦ بەناوی فیزالله علی رمضان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی کەورگوسك ژمارەی پسوولە ٠٥٩٨٤٩٤ بەبری ١٧١٠٠٠ بەناوی رشاد احمد حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

کتاب و سیدی بەناوی کۆمپانیای لەندن ئۆتۆ ئۆتۆمبێلی فۆرد پیکاب دەبل قەمەرە ژمارەی کاتی ٢٦٨٦٩ مۆدێل ٢٠١٨ رەنگی رەساسی ژمارەی شاصی: 1FTEW1EPXJFD76327 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٧٩٧٠٤ بەرواری ٢٠١٩/٦/٢٥ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی سرمد اردلان انور وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنەلوجیای هەولێر بەشی ئامێرەکانی پترول بەناوی نور داود سلیمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٤٥٨٢٨ رێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢٦ بەبری ١٧٤٠٠٠٠ ملیۆن دینار بەناوی نریمان محمد ناصر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٤٥٨٢٩ رێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢٦ بەبری ١٧٤٨٠٠٠ ملیۆن دینار بەناوی سامان سلیم اسعد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مدیریه الجنسیه والاحوال المدنیه لمحافظه اربیل الواقعات

رقم:١٦١٣٤
تاریخ: ٢٠١٩/١٠/٢٤

اعلان

قدم المواطن (حسن نجم الدین محمد امین) دعوی فی هذه مدیریه لتبدیل اسم ابنته من (خدیجه) الی (ڤانه) فمن لدیه اعراض مراجعه هذه مدیریه خلال ١٥ ایام من تاریخ نشره فی الجریده و بعکسه فسوف تنظر هذه المدیریه فی الدعوی وفق احکام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنیه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء الحقوقی/ نشات ابراهیم شلال
مدیر الاحوال المدنیه و الجوازات
و الاقامة/ وکالة

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٤

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (رشید حسن حسین) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانیراوە لە (ڕێگای کۆیە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت

تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دانووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- کەتەری بڕینی ئاسن بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٢٥.

٢- مۆلیدەی کارەبایی بەنزین بێ ژمارە دروستکراوی کۆری مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی بەنزین توانای A١٠.

٣- مۆلیدەی کارەبایی بەنزین بێ ژمارە دروستکراوی کۆری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی بەنزین توانای A٣٠.

٤- دوو لەحیم جانتا سەفەری بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٢*٣٠.

٥- دووڕدانە ئامێری کۆسەرە ژمارە/ ١- ٣١٢٣٦٩ ٢- بێ ژمارە دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣*٢ امپێر.

٦- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ F٠٠٠٢٠١٩٩٠ دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٦٠.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٤

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر محمد رسول) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانیراوە لە (پ.باکوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت

تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دانووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- دوو مۆلیدەی کارەبایی کاتم پێرکنس بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٣٥٠ دووەم K.V.A٢٠٠.

٢- چوار دانە لەحیمی ئارگۆن بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤*٨٠ بە کارنەهاتوون.

٣- پرێسی خوارکردنی پلێت ژمارە/ ٢٠٨٦٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥

٤- مقەسی بڕینی پلێت ژمارە/ ٢٠٨٧٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢.

***

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لێژەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ١ یەك لە پارکی (کڕێوە) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ١٥ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٦٤٠/ش/٢٠١٩
جارِدان
بۆ داوالێکراو (سیف نایف جاسم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئەم دادگایە بڕیاری دا لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لە داوای ژمارە ٦٤٠/ش/٢٠١٩ بە (پێ دانی بژێوی بۆ داواکار و کورەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی دریم ستی وەزیران) بڕیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەپابەندکردنت ١٨٠٠٠٠ سەدو هەشتا هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە ٢١٦٠٠٠٠٠٠ دووسەدو شازدە ملیون دینار عیراقی بڕیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارێکی پاشملەیە و (شایەنی نارازی بوون و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوە و مافی تانەلێدانت هەیە) لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ٣٨ / م / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ شمیران ایشو داود
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (جلال بیا منصور) داوای ژمارە (٣٨ / م / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردبوو کە تێیدا داوای (پوچەڵ کردنەوەی گرێ بەستی هاوسەری (بطلان عقد الزواج) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ئاشتی و مارتشمونی بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بە بڕیارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەە, بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسینەی شەقڵاوە
ژمارە/١١٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٣
جاردان
بۆ داوالێکراو/ محمد عبدالله حمەأمین

داواکار/ (دلگەش محی الدین علی) داوای شەرعی ژمارە (١١٦/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە کە تیایدا داوای (نفقة) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گلکەند) بڕیە ئاگادارت دەکەینەوە بەم بڕیارە بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە بۆت هەیە تانە لەم بڕیارە بدەی بەڕێگای نارەزای و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی کە ١٠ ڕۆژە وە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ کەنار طاهر قادر

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٠٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوبەرایەتی قوتابخانەی ئەمریکی)

داواکاران (طلعت یحیی سعید و صباح یحیی سعید) داوای ژمارە (١٢٠٨/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی دریم ستی وەزیران) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەپابەندکردنت ١٨٠٠٠٠ سەدو هەشتا هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە ٢١٦٠٠٠٠٠٠ دووسەدو شازدە ملیون دینار عیراقی بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارێکی پاشملەیە و (شایەنی نارازی بوون و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوە و مافی تانەلێدانت هەیە) لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/١٠٥٣/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد طارق أکرم
ئاگادارکردنەوە

ئاماژە بەداواى ١٠٥٣/ك/٢٠١٩ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمد طارق أکرم) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩) ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە (٢٤٠) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بەگوێرەی ڕیساکان.

دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ١٥/ج/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بیستون محمد مصطفی
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/٤ لە داوای ژمارە ١٥/ج/٢٠١٩/٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٥ دادگا بڕیاریدا بە سزای بەند کردنت بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ بەپێی ماددەی ٤٣١ بە دەلالەی موادی ئیشتراك (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.

سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ٩٠/ج/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٢
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ ریکان
صمد خضر و سفر مظفر قلندر
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/٤ لە داوای ژمارە ٩٠/ج/٢٠١٩/٤ وە پاش دادگاییکردنتان بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٥ دادگا بڕیاریدا بە سزای بەند کردنتان بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ بەپێی ماددەی ٤٣١ بە دەلالەی موادی ئیشتراك (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.

سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

(ئاگاداری)

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (١٨٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٣)ك٤ گەلی عەلی بەگ , بە مەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی , بە مەرجێك بەشداربوو بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

د. کەمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان
و خانووبەرەی میری

***

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٠٩/ج/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ اسماعیل غریب احمد
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩ - ٢٩٨ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.

سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٣٦و٢٣٧و٢٣٨و٢٣٩و٢٤٠و٢٤١و٢٤٢و٢٤٣و٢٤٤و٢٤٥و٢٤٦و٢٤٧و٢٤٨و٢٤٩و٢٥٠و٢٥١و٢٥٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٣
جارِدان

بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال و علی کورانی عبدالستار جمال ٦- سناء انور محمد ٧- حسن و عبدالحکیم و ساره منداڵانی لقمان جمال) شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٣٦و٢٣٧و٢٣٨و٢٣٩و٢٤٠و٢٤١و٢٤٢و٢٤٤و٢٤٥و٢٤٧و٢٤٨و٢٤٩و٢٥٠و٢٥١و٢٥٢/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە کە تیایدا داوای (نەهێشتنی کۆبەندی دەکات لە مولکەکانی ژمارە (١٧١٢و١٧١٦و١٧٨٤و١٧٨٦و١٧٠٦و١٧٠٧و١٧١٥و١٧١٠و٧١٠و١٧٨٢و١٧١٧و١٧٨٨و١٧١٤و١٧٨٧و١٧٨٥و١٧٨٩ کەرتی ٨١ گەرەسور) , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعار مختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بڕیایدا کە پێت ڕابگەیەنرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١١/١٨) کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٦٦١٩/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٧

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی ١٥ پازدە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ, بەم مەرجانە دەبێت بەشداربوو مۆڵەتی بەرهەم هێنانی نەوتی هەبێت وە چەکی بارمتە تا ڕۆژێك پێش موزایدە وەردەگیرێت وە هەروەها چەکی بارمتە تا ماوەی ١٥ ڕۆژ نادرێتەوە.

١- ژمارەی مولك/ ٦٨/٤٠٢ ك ٤٥ وارش ڕووبەر/ ٥٠٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/بەزینخانە ماوەی بەکرێدان/ ٢٥ ساڵ.

تێبینی/ پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەبێت.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٩٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شادڤان) بۆ بازرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (شادڤان) بۆ بازرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٣) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد ابراهیم قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٤

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٧٨٣٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٧

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLDEN ARG) بۆ (بازرگانی گشتی و هاورده و هەناردە/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (طریق البینە) بۆ ئالۆگۆڕی دراو/ سنوردار) بریاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (طریق البینە) بۆ کۆمپانیای (CAPITAL ROAD)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الوابل) بۆ بازرگانی گشتی و تەکنەلوجیای زانیاری و خزمەتگوزاری و بازرگانی و گواستنەوەی بەروبوومەکانی نەوت/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە, بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ مەریوان وەیسی صابر
ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٥٣٧٦٠٧

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارە داوا: ٢٤٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٣
جارِدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- سعد و احمد و رعد کورانی جمال ولی ٣- جمال و علی کورانی عبدالستار جمال ٤- سناء انور محمد ٥- حسن و عبدالحکیم و سارە منداڵانی لقمان جمال) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار (هێمن شکور حمدامین) داوای ژمارە (٢٤٦/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە کە تیایدا داوای (نەهێشتنی کۆبەندی دەکات لەسەر مولکی ژمارە (٨١/١٧١٣ گەرەسور)، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعار مختاری مختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریایدا کە پێت رابگەیەنرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/١١/١٨) کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦٠٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (ازاد کریم خلیل)
جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە
داواکار (امیرە معاز صالح) داخازا ژیک جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوک تاخی حی العسکری لەورا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو رۆژنامەییێ روژانەییێ نافخوێنێ کو ئامادەبێ بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (نصیر هلال شوکت/المدیر المفوض لشرکة ارض الافراح) کە (٣٣٢٧٥٠٠٠) (سیە وسێ ملیون ودوو سەد وحەفتی وپینج هزار دیناری عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک
ژمارە / ٦٨٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٧
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (نظیرة محمد طاهر یونس)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەرۆڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٣١/ت/ ٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : فریق ابراهیم درویش
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بە جێ کردن بریاردرا لە رێی رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (نصیر هلال شوکت/المدیر المفوض لشرکة ارض الافراح) کە (٣٣٢٧٥٠٠٠) (سیە وسێ ملیون ودوو سەد وحەفتی وپینج هزار دیناری عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک
ژمارە / ٢٠١٩/١٣٧٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٧
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٠٩١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤێتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (مزگین سعید عبدالرحمن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (١١٦٢٨٠٠٠) یازدە ملیون وشەش سەد وبیست وهەشت هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٠٩١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H٢ شوقفا (١) قاتێ (١) عیارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (عیارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت ژ (٧) قاتا شوقفا ژمارا (١) قاتێ (١) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نشتنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق وشیمال شەرق روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ٢٤٢/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٥
جارِدان
بۆ داوالێکراو: مصطفی فوزی عباس/ شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە
داواکار (میسم مرزە حمزە) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٢٤٢/ش/٢٠١٩) تێیدا داوای (تفریقی) کردووە، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەڕەکی گەنجان سیتی) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان کە لەم دادگایە ئامادە بیت، لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠١٩/١١/١٨ کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ئەگەر ناد ادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ظاهر محمد مصطفی
***
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەفی و زار
ژمارە: ٣٢/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرنێك زێدە کرنە کا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا ئاڤاهیی دکەفنە لسەر پارچە ئەردێ یا ژمارە (٢) سیکا بامەرنێ ب رووبەرێ (١٤٤)م٢ ژبو مەرەما بکارئینان (هولا وەرزشی) بو ماوێ ٥ پێنج سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرنێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا چرە بکەت د ماوێ ٣٠ سی روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرنێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا چرە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە سترۆ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٣٨٣/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: چۆمان جزا عمر محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕاپەڕین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٥٠١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: اتهم اکرم صدرالدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٥٠/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (احمد مجید حمه صالح)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سیدصادق) کەتیایدا (نجم الدین حمه رؤوف حمه صالح) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لەرۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارنەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٩١٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٩/٢٩
بۆ/ تاوانبار: باوان محمد عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٢١/ب١ لەیاسای هاتووچۆ حوکم درا بەسەرتا بە یەك مانگ بەندکردن
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٧٢٦/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: خلیل جلیل حسین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٩١٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٩/٢٩
بۆ/ تاوانبار: باوان محمد عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سیدصادق) کەتیایدا (نجم الدین حمه رؤوف حمه صالح) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لەرۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارنەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٩١٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٩/٢٩
بۆ/ تاوانبار: باوان محمد عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٣٢٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رێبین عمر رضا
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٦٨٥/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: اکۆ عمر احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٢٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رێبین عمر رضا
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
ئاگاداری
بۆ گەشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر کاروان رشید سالح کەبەپێی کۆ نووسی کۆ بوونەوەی دەستەی گشتی کۆ مپانیای نەمسا بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی هەموو جۆرە دەرگایەکی ژوورو مدخل/سنوور دار کە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/١٠)دا بڕیار دراوە بەدانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کەکۆمپانیا کەمان پاکتاودەکرێ وهەرکەس ولایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی (١٥) ڕۆژ دا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیا وەبکات بەمەبەستی یەکلا ییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/کاروان رشید سالح
٠٧٧٠١٣٧٧٠٠٢
***
خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارنەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٩١٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٩/٢٩
بۆ/ تاوانبار: باوان محمد عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٣٢٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رێبین عمر رضا
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
ئاگاداری
بۆ گەشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر کاروان رشید سالح کەبەپێی کۆ نووسی کۆ بوونەوەی دەستەی گشتی کۆ مپانیای نەمسا بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی هەموو جۆرە دەرگایەکی ژوورو مدخل/سنوور دار کە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/١٠)دا بڕیار دراوە بەدانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کەکۆمپانیا کەمان پاکتاودەکرێ وهەرکەس ولایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی (١٥) ڕۆژ دا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیا وەبکات بەمەبەستی یەکلا ییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/کاروان رشید سالح
٠٧٧٠١٣٧٧٠٠٢
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (وادی رم) بۆ بازرگانی کەرستەی خۆراك/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (شادڤان) بۆ بازرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی
بەرێوەبەرایەتی کارگێری
ژمارە: ٨٥١٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٤
ئاگاداری
ئاگاداری هاوواڵتیان دەکەینەوە کە لێژنەی فرۆشتن پێکهاتووە بەپێی فەرمانی ئەم سەرۆکایەتییە ژمارە (٧٨٣٣) لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦ هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەو کەل و پەلە سکڕاپانەی خوارەوە بەرێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٢ی ساڵی ١٩٨٦) جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە پاش تێپەڕبوونی (١٠) رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە کاتژمێر (١١)ی بەیانی سەردانی ئەم سەرۆکایەتییە بکات و ٢٠٪ی بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و شوێنی موزایەدە لە گەراجی ئەنجوومەنی وەزیرانە، کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت لەگەڵ گواستنەوەی کەل و پەلەکان.
هۆشنگ شێخ محەمەد
سەرۆکی فەرمانگەی کارگێری و دارایی
بەوەکالەت
مەوادی ژوور/ ١- کورسی پلاستیك ژمارە/ ٤٠ دانە ٢- کورسی دەوار ژمارە/ ٣٨ دانە ٣- کورسی سابت ژمارە/ ٩ دانە ٤- کورسی ستیل ژمارە/ ٩ دانە ٥- پەردە ژمارە/ ٨ دانە ٦- قەنەفە ژمارە/ ١٥ دانە ٧- ملحقی گەورە و بچوك ژمارە/ ١٠+٥ دانە ٨- سیت سەر مێز ژمارە/ ٢ دانە ٩- جیهاز تلفۆن ژمارە/ ٨ دانە ١٠- جیهاز تالیفە ژمارە/ ٣ دانە ١١- مێز مکتب ژمارە/ ٢٠ دانە ١٢- سماوەر ژمارە/ ٦ دانە ١٣- گلۆپی عمودی ستاند ژمارە/ ٣ دانە ١٤- جامی دولاب ژمارە/ ١٠٠ دانە ١٥- دۆشەکی ئیسفەنج ژمارە/ ١٥ دانە ١٦- دۆلابی بەجام ژمارە/ ٦ دانە ١٧- سەعاتی دیوار ژمارە/ ٢ دانە ١٨- تابلۆ ژمارە/ ٩ دانە ١٩- سوریەی سەقفی ژمارە/ ٢ دانە ٢٠- علاگەی جل و بەرگ ژمارە/ ٢ دانە ٢١- قەریویلەی ئاست ژمارە/ ٤ دانە.
ئەجهیزەی کارەبایی/ ١- سپلت کامل + قاعیدە ژمارە/ ٢٢+١ دانە ٢- گیزەر ژمارە/ ٧ دانە ٣- سەلاجەی گەورە و بچووك ژمارە/ ٢+١ دانە ٤- گیسکی کارەبایی ژمارە/ ٦ دانە ٥- بەڕادی ئاو ژمارە/ ٤ دانە ٦- ئیستنساخی گەورە ژمارە/ ٣ دانە ٧- تەلفزیۆن ژمارە/ ٣ دانە ٨- پانکەی سەقفی ژمارە/ ٤ دانە ٩- دکتی سپلیت ژمارە/ ٢ دانە.
مەوادی کارەبا/ ١- بلاجکۆر ژمارە/ ١١ دانە ٢- قاعیدەی گلۆپ ژمارە/ ٢٠٠ دانە ٣- ساحیبە ژمارە/ ٥ دانە ٤- پلێتی ئاسن ژمارە/ ١ دانە ٥- موشەبکی ئاسن ژمارە/ ٩ دانە ٦- بۆردی کارەبا ژمارە/ ١١ دانە ٧- کێبلی کارەبا ژمارە/ ١ تۆپ ٨- مایۆرێ کارەبا ژمارە/ ٢ دانە ٩- فنجانی کارەبا ژمارە/ ٤ دانە ١٠- شیلمانی ئاسن ژمارە/ ٢٠ دانە ١١- عامووەی کارەبا ژمارە/ ١٥ دانە ١٢- قاندرمەی ئاسن ژمارە/ ١ دانە ١٣- پارچە ئاسن کۆمەڵ ١٤- وایەر و چەنلی وایەر کۆمەڵ ١٥- دۆلابی ئاسن ژمارە/ ٢ دانە ١٦- عارەبانەی ئاسن ژمارە/ ١ دانە.
موادی سەیارە/ ١- ویلی سیارە ژمارە/ ٣٥ دانە ٢- تایە ژمارە/ ٦٠٠ دانە ٣- کەلوپەلی سکراب کۆمەڵ ٤- دەعامی سیارە ژمارە/ ٤ دانە ٥- رادیتەر ژمارە/ ٧ دانە ٦- پاتری سیارە ژمارە/ ٤٠٠ دانە ٧- مەکینەی سیارە ژمارە/ ٢ دانە.
موادی کۆمپیوتەر/ ١- کێس کۆمپیوتەر ژمارە/ ١٩ دانە ٢- تابعەی کۆمپیوتەر ژمارە/ ٢١ دانە ٣- شاشەی کۆمپیوتەر ژمارە/ ١١ دانە ٤- UPS گەورە و بچووك ژمارە/ ٢+١٤ دانە ٥- جیهاز انترنیت ژمارە/ ٣٠ دانە ٦- راوتەر ژمارە/ ٨ دانە ٧- پاتری UPS ژمارە/ ٤ دانە ٨- وایەری جوراوجۆر کۆمەڵ ٩- کامیرای چوادێری گەورە ژمارە/ ١ دانە ١٠- سکانەر ژمارە/ ١ دانە ١١- کیبۆرد ژمارە/ ٧ دانە ١٢- پاتری مۆتۆریلا ژمارە/ ٨ دانە ١٣- لاپ تۆپ بەکارهاتوو ژمارە/ ١٥ دانە ١٤- جیهازی سحن ژمارە/ ١ دانە
موادی مەتبەخ/ ١- فرنی گەورە و بچووك ژمارە/ ٣+١ دانە ٢- کاوەنتەر بەمغسل ژمارە/ ٣ دانە ٣- کاوەنتەر چواردەرگا ژمارە/ ٥ دانە ٤- تەباغ شەش چاوە ستیل ژمارە/ ١ دانە ٥- سینگی دوو حەوز ژمارە/ ٢ دانە ٦- مورەشەحی تەباخ ژمارە/ ١ دانە ٧- دەرگای ئاسن ژمارە/ ٥ دانە ٨- بەردی مغسل ژمارە/ ١ دانە.





ئافرەتانی لوبنان دکر دەکەن.. پیاوەکانی عێراقیش شەڕ دەکەن



غازی حەسەن

خۆپیشاندانەکانی لوبنان پێی ناوەتە هەفتەی دووەم، خۆپیشاندانەکانی عێراقیش سەری لەچەند مانگ و ساڵ داوە، دوو خۆپیشاندان و دوو شەقامی هەمیشە بەکێشە، کە هەر یەکەیان بەشێوەیەک لەشێوەکان وابەستەی ژمارەیەک هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تایفی و شێوازی بەرێوەبردنی هاوشێوەن، بەڵام لەدوو ئاستی ڕۆشنبیر جیاواز، سەرباری دەستوەردانی دەرەکی و ساخکردنەوەی ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەنێو هەردوو وڵاتدا.لە لوبنان ئافرەتان دکر دەکەن، شەقامیان داگیرکردووە و بەشێوازی هەمەجۆر بەشداری لەخۆپیشاندانەکان دەکەن و ڕۆژانە بەچالاکی و تەکتیکی هەمەجۆر لەنێو گرووپێندا، شەقام گەرمتر و گەنجان بەتاو و تینتر دەکەن، بۆ ئەوەی گوشارەکان دژی دەسەڵاتی لوبنانی کاریگەرتر بن.

بەشی یەکەم

دەنگی ئافرەتی لوبنانی لەم خۆپیشاندانە، دەنگێکی بیستراو و بەرزە، دەیانەوێت شۆڕش بکەن، لەپێناو چاککردنی ژیان و بەدیهێنانی گۆڕانکاری سیاسی، کێشەی ئابووری سەرچاوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵکە. ئافرەتان وایان کردووە جیاوازی و ڕەنگ و دابەشبوونی تایفی لەنێو خۆپیشاندانەکان بەجۆرێک کەم بێتەوە، تایفەچییەکان لەپەنجەرەی بچووکەوە خۆیان دەخزێننە نێو ناڕەزایەتییەکان، واتە ئافرەت لەم ڕۆژانەدا هێمای یەکبوونی خۆپیشاندانەکانن.

ئافرەتە هونەرمەندەکان بەسەما، بەپێشکەشکردنی کاری هونەری شان بەشانی ئافرەتە کرێکار و کەم دەرامەتاکانی لوبنان لەشەقامدا خۆپشاندان گڕ دەدەن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە جێگەی سەرنجی گشتی، ژمارەیەک هونەرمەندی دیار لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارن و پاڵپشتی خەڵک دەکەن، هەشیانە ڕاستەوخۆ لەنێو شەقامدا بەشدارن.نابێت لەبیری بکەین، بەهۆی کاریگەری ئافرەتان و چالاکییە هەمەجۆر و دەرکەوتنیان بەم شێوە زەق و کاریگەرە لەنێو شەقامدا، بوونەتە مایە تانە و نوکتە و بەکارهێنانی وێنەی کچ و ئافرەتانی سەماکەر و نیمچە ڕووتی نێو خۆپیشاندانەکان لەپێناو سوکایەتی بەئافرەتان، ئافرەتانیش لەبەرانبەر ئەم بۆچوونانە گوتویانە ئەمانە "هەست و نەستیان لاواز و نزمە" و پیاوسالارن، بۆ دەبێت ڕۆڵی ئافرەتی لوبنانی تەنیا لەجەستە و لارولەنجەیان ببینن. لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەڵێن ئەو دەستدرێژییە ئەلەکترۆنییەی دژی ئافرەت هەیە، مەترسیدارە هەندێک دەڵێن "بۆ ئێمە تەنیا وەکو کەلوپەل دەبین، بۆ تەنیا وەکو پێشکەشکاری جلوبەرگ دەمانبینن.بەکردەوە ئافرەتان شوێنێکی دیار و کاریگەریان لەنێو خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی لوبنان هەیە، گەنجان و ئەوانەی لەڕووی ئابوورییەوە ژیانیان خراپە، بەشێوازی نوێی خۆیان لەشەقامەکاندا داوای گۆڕینی سیاسی دەکەن، چونکە پێیان وایە ئەو شێوازە سیاسییە تایفیەی لە لوبنان هەیە، بۆتە سەرچاوەی کارەسات و دابەشبوون و داوەشاندنی ئابووری و سیاسی وڵاتەکەیان. خۆپیشاندانەکان ڕۆژانە بڕی 138ملیۆن دۆلار زیان بەئابووری لوبنان دەگەیەنن و لەهەفتەیەکیشدا زیانەکان بۆ 972ملیۆن دۆلار بەرز دەبێتەوە.

لەعێراقیشدا خۆپیشاندانەکانی چەند هەفتەی ڕابردوو، کە بەکۆژرانی نزیکە 200 هاووڵاتی و هەزاران بریندار بۆ چەند ڕۆژێک ئارام بۆوە، ئەم هەفتەیە جارێکی دیکە خۆپیشاندەران کەوتنەوە نێو شەقام، پتر لەسی کەس کوژراون و نزیکەی هەزار کەسیش بریندار بوون. لەعێراقدا داوای گۆڕانکاری و چاکسازی و سزادانی گەندەڵکاران دەکرێت، خۆپیشاندانەکان دژی دەسەڵاتی زۆرینەی سیاسی شیعەیە، خەڵک لەدەستوەردانی ئێران و دەرەکی پڕبوون، لەزۆر شوێن لەهەفتەکانی ڕابردوودا، ڕۆژی هەینیش بارەگای ئەو لایەن و گرووپانەیان سووتاند، کە نزیکی ئێرانن و گومانی سەر بەئێران بوونیان لەسەرە. لەعێراقدا گەنج و کەسانی بێکار و نارازییەکانی لەسیاسەتی حکوومەت لەشەقامن، تووندوتیژی و ڕووبەڕووبەوە قەوماوە. هێزێکی سیاسی نادیار، یان هێزێکی کۆمەڵایەتی شاراوە لەپشت خۆپیشاندانەکانی عێراقە، حکوومەتی عەبدولمەهدی وەکو حکوومەتی حەریری کە بڕوایان بە مینارەیی و گونجاون و هاوسەنگی و واقیعی بوون هەیە، بەڵام چونکە لەسەر کەلاوە و پاشماوەی تووندڕەویی و گەندەڵکاری و خراپ بەکارهێنانی جوومگەکانی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی پێشەخۆیان و تایفی و سیاسەتی بەلاوەنانی پێکهاتە سەرەکییەکان بینەکراون، ڕووبەڕووی گوشارێکی تووندی بەهەمەژموون بوونەتەوە.

ویَنەو کۆمێنت



ئەڵمانیا..


لە ماوەی دوو ڕۆژدا 24 بۆمب دۆزرانەوە

لە شاری نویتراوبلینجی ویلایەتی باڤاریای ئەڵمانیا ژمارەیەک کرێکار لە کاتی کارکردنیاندا توانیان لە ماوەی دوو ڕۆژدا 24بۆمب لە پاشماوەی جەنگی دووەمی جیهان بدۆزنەوە . لەو بارەشەوە پۆلیسی ئەم وڵاتە رایگەیاند کە تیمە تایبەتەکان توانیویانە 15بۆمب پوچەڵ بکەنەوە و 9بۆمبەکەی تریش تەقێنراونەتەوە و یەکێک لەو بۆمبانە 500کیلۆگرام بووە .

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1886:
دەست کرا بە پرۆژەی دانانی پەیکەری ئازادی لە ئەمەریکا .



سالی 1962:
سۆڤیەت لە ڕێگی ڕادیۆی فەرمییەوە هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی مووشەکە سۆڤیەتیەکانی لە کوبا ڕاگەیاند .



سالی 1973:
لە ڤێتنام ،کاتژمێر هەشتی بەرەبەیان وەستاندنی شەڕ چووە بواری جێبەجێکردن .



سالی 1985:
میخائیل گۆرباچۆڤ بوو بە سکرتێری گشتی حزبی شیوعی سۆڤیەتی .



سالی 2006:
لە نزیک کییڤ ، گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە کە بەلشەڤیەکان لە سالی 1930 ئەنجامیان دابوو .



سالی 2018:
دوای وەدەستهێنانی 55%ی دەنگ ، جاییر بولسونارو وەک سەرۆکی بەرازیل هەڵبژێردرا.

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/10/28 ژمارە (5857)



کەسێکی نزیک لە بن سەلمان کرایە وەزیری دەرەوەی سعوودیە



بە گوێرەی هەواڵێک کە ئاژانسی فەرمی شانشینی سعودیە بڵاویکردەوە، وەزیری دەرەوەی سعودیە ئیبراهیم ئەلعەساف و وەزیری گواستنەوە نەبیل ئەلعەمودی بە فەرمانێکی شاهانە لە کار لادران.فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعود بە وەزیری دەرەوە و سالح بن ناسر ئەلجاسیر بە وەزیری گواستنەوە دەستنیشانکران.فەیسەڵ بن فەرحان لە مانگی شوبات-وە بالێزی سعودییە بووە لە بەرلین و ئەلجاسیر-ش بەرپێوەبەری گشتی هێڵی ئاسمانی سعودیە بووە.پاش کوشتنی رۆژنامەنووسی سعودی جەمال خاشقچی لە 2ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2018لە ناو کونسوڵخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ بە ماوەیەکی کورت، عادل ئەلجوبەیر لە ئەرکی وەزیری دەرەوە دوورخرایەوە و لە شوێنی ئیبراهیم ئەلعەساف دەستنیشانکرا.فەیسەڵ بن فەرحان بن عەبدوڵڵا ئال سعود کە لە سعودیە بە بڕیارنامەی شاهانە کرایە وەزیری دەرەوەی ئەو ولاتە، بە نزیکی لە شازادەی جێنشین، محەمەد بن سەلمان ناسراوە.بن فەرحان کە لە ساڵی 1974 لە شاری فرانکفورت ناوەڕاستی ئەڵمانیا لە دایکبووە و زمانی ئەڵمانی بە باشی دەزانێت لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا لە رۆژنامەی Der Tagesspiegelی ئەڵمانیدا، هەواڵێکی لەبارەیەوە بڵاوکرایەوە.لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بن فەرحان ئەزموونی 15 ساڵی لە ناوچەی چەکداری هەیە و هەروەها بە نزیکی لە شازادەی جێنشین بن سەلمان ناسراوە.بن فەرحان کە لە مانگی شوباتی رابردووەوە پۆستی بالێزخانەی سعودیە لە بەرلین بەرپێوە دەبات، وەک راوێژکاری باڵا لە بالێزخانەی سعوودیە لە واشنتۆن کاری کردووە و لە ساڵی 2017ەوە تا ئێستا ئەندامە لە ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆمپانیای پیشەسازی سەربازیی سعوودیە.

وەزیرە نوێکە بە لێدوانەکانی دژبە ئێران ناسراوە

سەبارەت بەو هێرشەی لە 14ی ئەیلوولدا کرایە سەر دوو دامەزراوەی سەربە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی سعوودیە، ئارامکۆ سعوودیە رایگەیاندبوو "هەموو ئەگەرێک لەسەر مێزە لەبارەی وەڵامدانەوەی تاران."

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رادیۆی Deutschlandfunkی ئەڵمانی، بن فەرحان رایگەیاندبوو "هێرشەکە هەر کەسێک ئەنجامی دابێت بە دڵنیاییەوە ئێرانی لە پشتە، هەروەها ئەوەی ئەو موشەکانە بەرهەم دەهێنێت ئێرانە و بەبێ هاوکاری ئەویش هەڵنادرێت."ئەو وەزیرە نوێیە ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەو هێرشە هێرشێکە بۆسەر ئابووری جیهان و پێویستە ئێران بەرپرسیارێتی ئەوە بگرێتە ئەستۆ و تێبگات کە ناتوانێت دژێژە بە هێرشەکانی بدات.

سیاسەتمەداری کاتە سەختەکان

رۆژنامەی عەکاز کە ناوەندەکەی لە سعوودیەیە، بن فەرحان-ی بە "سیاسەتمەداری کاتە سەختەکان "ناوزەندکردووە و کاتێک کراوە بە بالێزی سعوودیە لە بەرلین، رۆژنامەکە نووسیوێتی کە ئەو هەنگاوە پشتیوانی لە هەوڵەکانی بن سەلمان دەکات کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە کایەی سیاسیی و نێودەوڵەتییدا خستوویەتەکار.لەسەر بانگەشەی ئەوەی کە دەستی هەیە لە کوشتنی رۆژنامەنووسی سعودی، جەمال خاشقجی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەڵمانیا، هەشت مانگ لەمەوبەر لە رێگەی خەڵکەوە دەستیان بە کارکردن کرد بۆ ئەوەی بن فەرحان نەکرێتە بالێزی سعوودیە لە بەرلین.هەر لەو کاتەدا دامەزراوەی Euroscope کە توێژینەوە دەکات لەبارەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە ژمارەیەکی زۆر رێکخراو داوایان لە سەرکۆماری ئەڵمانیا، فرانک-ڤالتەر شتانمایەر کردووە رێگربێت لە دانانی بن فەرحان وەک بالێوز لە وڵاتەکەیدا.لە راگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەو کەسانەی تێوەگلاون لە کوشتنی خاشقجی و کردنە ئامانجی ئۆپۆزسیۆنی سعوودیە لە دەرەوەی وڵات لە وڵاتانی ئەورووپا خوازراونین.بە هۆی ئەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هیچ بەڵگەیەکیان لە دژی بن فەرحان نەخستەڕوو، رای گشتیی ئەڵمانیا زۆر گوێی بەو ئەگەرانە نەدا و ناوبراویش هەشت مانگ پێش ئێستا کرایە بالێوزی سعوودیە لە بەرلین. دوێنێ هەریەک لە وەزیری دەرەوەی سعوودیە، ئیبراهیم عەساف و وەزیری گواستنەوەی ئەو وڵاتە، نەبیل ئال عەمیدی لە کارەکانیان دوورخرانەوە و بن فەرحان کرایە وەزیری دەرەوە و سالح بن ناسر جاسر-یش کرایە وەزیری گواستنەوە.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
لە ویلایەتی سۆنۆرای مەکسیکی و لە دووری 100 کیلۆمەتر لە سنوورەکانی ئەمەریکا گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە پێشبینی دەکرێ 50 هەزار تەرمی تێدا نێژرابێ



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
کریملین ئەمەریکای بە دزینی نەوت و سامانی سووریا تۆمەتبار کرد .



ئیلاف :
ئیڤۆ مۆرالیسی سەرۆکی پۆلیڤیا بەدووری زانی سەبارەت بە رەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دانوستان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات .



ئەی ئێف پی:
سەرۆکوەزیرانی بەلجیکا رایگەیاند سۆفی ویلمزی وەزیری بودجە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی ولاتەکەی دەستنیشان کراوە .



فرانس 24:
بە مەبەستی دەبڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە سزادانی سەرکردەکانیان ، جارێکی دیکە دەیان هەزار کەس لە هەرێمی کاتالۆنیا هەڵڕژانە سەر شەقام .



کەنالی ئار تی :
کۆریای باکور هۆشداری دایە ئەمەریکا لەوەی ئەگەر دانوستانەکانی نێوان هەردوولا دەست پێ نەکەنەوە ، بارودۆخەکان دەگەڕێنەوە چوارگۆشەی یەکەم .

بۆ یەکەمجار لەمێژوودا، نێردراوەیەکی نێودەوڵەتیی لە زستاندا بۆ ناوەڕاستی زەریای بەستووی باکوور بەڕێکەوت



لە یەکێ مێژووییترین نێردراوەی دۆزینەوەیی زانایان و پسپۆڕان بۆ یەکێ لە سەختترین و دژوارترین ژینگەکانی سەر هەسارەی زەوی لە سەختترین وەرزەکانی ساڵ، ئەویش ناوەڕاستی (زەریا بەستووی باکوور) ە لە (وەرزی زستان) دادەستبەکار بوو.

ئەم تیمە لە 600 زانا پسپۆڕی سەر بە 17 وڵات پێکهاتووەو لە ڕێگەی کەشتی سەهۆڵشکێنی ئەڵمانیی (RV Polarstern) بڕیارە بۆماوەی یەک ساڵ لەو نێوەندەدا بمێننەوەو لە ڕێگەی پڕۆژەی (ڕوانگەی هەمە پسپۆڕێتیی بۆ لێکۆڵینەوەی ئاوو هەوای جەمسەری باکوور) واتە (MOSAiC)، لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ ئەنجام دەدەن بۆ گەیشتن بە وردترین داتای نوێ دەربارەی ئەو نهێنیانەی کە لەو ناوچانە حەشاردراون و ئەو کاریگەریانەی وایانکردووە گۆڕانکاریی گەورە بەسەر ئەو ناوچەیەدا بێت، کە لە بەرامبەردا کار لەکەش و هەوای جیهان دەکات بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتیش ئەو کارلێکانەی لەنێوان بەرگە هەوای زەوی و پانتاییەکانی زەریاو سەهۆڵبەندەکان، کە بە هۆیەوە زانیاری زۆر گرنگ دێنە دەست بۆ پێشخستن و چاکترکردنی مۆدێلەکانی تایبەت بە ئاوو هەواو پێشبینییەکانی کەش و ئاوو هەوای نێوەخۆیی و هەرێمی و جیهانیی.

ڕۆژی 2019.9.20 کەشتی ئەڵمانی (پۆلارستێرن) لە مینای (ترۆمسۆ) لە (نەرویژ) و بە یاوەریی کەشتی سەهۆڵشکێنی ڕووسیی (ئەکادیمیک فیدۆرۆف) و لە ڕێگەی ڕێڕەوی نێو گەرووی (Fram) بەرەو ناوچەرگەی جەمسەری بەستووی باکوور بەرێکەوتن و لەو ڕێڕەوەشدا، تۆڕێکی هەرێمیی ڕوانگەکردن لەنێو سەهۆڵی دەریایی و بە پێوانەی 50کیلۆمەتر دەچەسپێنرێت.

ئەوەی جێگای تێڕامانە کەوا کەشتییەکە سواری یەکێ لە تەختە سەهۆڵییەکان دەبێ و بەهۆی کرداری (خزانی سروشتی) لەگەڵ تەواوی تۆڕی وێستگە کەشناسییە دامەزراوەکانیدا گەشتی خۆیان ئەنجام دەدەن.

ئەو پڕۆژەیە بڕی 120 ملیۆن یۆرۆی تێچووەو ئەم دەزگایانەی خوارەوە تیایدا بەشدارن:

*لێژنەی نێودەوڵەتیی بۆ زانستەکانی جەمسەری باکوور (IASC).

*پەیمانگەی ئالفرید ڤیگنەری ئەڵمانی.

*سەنتەری هیلمهۆلتز بۆ لێکۆڵینەوەکانی جەمسەرییەکان و دەریاوانییەکان (AWI) .

*پەیمانگەی ڕووسیی بۆ لێکۆڵینەوەکانی جەمسەری باکوورو باشوور (AARI).

زانکۆی کۆلۆڕادۆ

*پەیمانگەی هاریکاریی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ژینگەیی (CIRES).

لە ڕاستیدا، پڕۆژەی (MOSAiC) یەکێکە لەو پڕۆژە هەرە سەرەکیانەی کە تایبەتن بە چالاکیی ناسراو بە (ساڵی پێشبینیکردنەکانی جەمسەریی - YOPP) ی سەر بە (ڕێکخراوی کەشناسیی جیهانیی -WMO).

"ئەم پڕۆژەیە زۆر گرنگەو پێشەنگی هەموو ئەوانی دیکەیە، چونکە بە درێژایی مێژووەدا هیچ جۆرە گەشتێکی زانستیی ئاوا ئالۆزو گەورە بۆ ئەو ناوچەیە ئەنجام نەدراوەو لە ڕێگەیەوە بۆ یەکەمجار دەتوانین بۆ یەکەمجار داتای ورد بۆ جەمسەری بەستووی باکوور لە وەرزی زستاندا وەربگرین، وە لە کۆتاییدا دەتوانین زۆر باشتر لەو ناوچە هەرە دوورە دەستەدا ئاشنا شارەزا ببین و خوێندنەوەیەکی ورد بکەین بۆ باری ئاوو هەوایەکەی "، لە زاری (مارکۆس ریکس) ی سەرۆکی پڕۆژەی (MOSAiC) لە (AWI).

"لە ڕاستیدا جەمسەری بەستووی باکوور، بریتییە لە سەنتەری کارتێکردنی گەرمداهاتنی جیهانیی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەریدا هاتووە، وە هەموو کەش و هەوا سەختەکان، لە شەپۆلی زۆر ساردی زستان و شەپۆلی گەرمی هاوین کە بۆ نمونە کیشوەرێکی وەک (ئەوروپا) دەگرێتەوە، گشتیان پەیوەندیان بەو گۆڕانکاریانە هەیە کە لە جەمسەری بەستووی باکووردا ڕووەدەن، بەڵام تا ئێستا ناتوانین پێشبینییەک ئەنجام بدەین دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کەش و ئاوو هەوای ئەو ناوچەیەدا ڕوو دەدەن، بۆیە لە میانەی ئەم پڕۆژەو گەشتەدا ئێمە دەمانەوێ ئەم حاڵەتە بگۆڕین و کەم و کوڕییەکان بە زانیاری و داتای وردی بەڵگەدارو پشتڕاستکراو پر بکەینەوە"، هەر لە زاری (مارکۆس ریکس) ەوە.

بەڵگەی نوێ دۆزرایەوە لەسەر دروستبوونی تەپۆڵکەی لم لەسەر ڕووی گەورەترین پاشکۆیەکانی هەسارەی زوحەل دا

خۆی لە خۆیدا، بوونی تەپۆلکەو گرد لەسەر ڕووی تەنێکی ئاسمانیی کە زیاتر لە یەک ملیار کیلۆمەتر لە زەوییەوە دوورە، جێگای سەرسامی و سەرسوڕمانییە، ئا ئەوەیان یەکێکەلە تایبەتمەندییە جیۆلۆجییە هەرە تاە دۆزراوەکانی سەر ڕووی (تایتان) ە، کە گەورەترینی ئەو 84پاشکۆیانەیە کە بە دەوری هەسارەی ئەڵقەدارو قەشەنگ و ناوداری (زوحەل) دا دەخولێنەوە.

ئەو تەپۆلکە لمیانەی (تایتان) وەکو زەوی نین، واتە، لە دەنکۆڵەی وردی سیلیکایی نین، بەڵکو یەگجار زۆر جیاوازەو پێشتر وا دەزانرا بەهۆی کرداری دابارینەوە دروست بووبن، بەڵام تیۆرێکی دیکە هاتۆتە ئاراوەو دەڵێ، لە دەرەنجامی بەرکەوتنی تیشکی گەردوونی بە سەهۆڵی نیشتوەوەی ڕووەکەیدا، کارلێکی کیمیایی ڕووی داوەو لە دەرەنجامدا ئەو تەپۆلکە لمیانە دروستبوونە. بۆ دەرخستنی لایەنە پراکتیکییەی تیۆرەکەیان، تیمێک لە پسپۆڕانی (زانکۆی هاوای) و بە سوود وەرگرتن لە داتا هەرە گرنگەکانی وەرگیراو لە کەشتی ئاسمانیی پێشووتری (کاسینی - هایگنز)، هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەو پرۆسێسانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی تەپۆلکە لمییەکانی (تایتان)، بەڵام ئەمجارەیان لەنێو تاقیگەکانی سەر زەویدا، کە لەکۆتاییدا دەرکەوت ئەو جۆرە کارتێکردنەی تیشکە گەردوونییەکان بۆتە هۆی دەرکەوتنی هەمان ئەو پێکهاتە (ئۆرگانی) یانەی کە ئێستا لەنێو تەپۆلکە لمییەکانی سەر ڕووی (تایتان) دا هەیە، بە تایبەتیش ئەو تەپۆلکانەی کە لە بە شێوەیەکی بەرچاو لەناوچەکانی کەمەریی (تایتان) دا هەیە، ئەمەش لە هەمان کاتدا بووە ڕێگەیەک بۆ شیکردنەوەی هۆکاری بینینی پێکهاتەی هاوشێوەی (تایتان) لەسەر ڕووی تەنی ئاسمانی دیکە، وەک



هەردوو هەسارەی بچووکی (پلوتۆ و ماکیماکی).

ئەو تاقیکردنەوەیەی کە پسپۆڕان لەنێو تاقیگەدا ئەنجامیاندا، بەم هەنگاوانەی خوارەوە بوو:

*ئامادەکردنی بارستەیەک لە سەهۆڵی (ئەسیتیلین) کە هەمان ئەو سەهۆڵەیە کە لەسەر ڕووی (تایتان) دا هەیە، واتە سەهۆڵی ئاو نییە.


*بەرکەوتاندنی ئەو بارستە سەهۆڵییە بە هەمان جۆری ئەو تیشکەی کە بەردەوام بەر ڕوویدا دەکەوێت.

*گەرمکردنی ئەو بارستە سەهۆڵییە تا گەیشتە حاڵەتی (بەهەواداچوون) واتە، گۆڕان لە دۆخی ڕەقی بۆ گازی بێ تێپەڕین بە دۆخی شلی، کە ئەم میکانیزمەش لەسەر ڕووی (تایتان) و سەهۆڵی (ئەسیتیلین) دا ڕووەدەات.

لە دەرەنجامدا، تەنچۆکەی شێوە ئەندامیی، نیمچە هاوشێوەی ئەوەی لەسەر ڕووی (تایتان) دا دەنیشێتەوە دروست بوو.

سەرەڕای ئەو دەرەنجامە دڵخۆشکارە، بەڵام هێشتا پسپۆڕان دوو دڵن لە دەرەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانیان و چاوەڕوانن وەڵامی کۆتاییان بکەوێتە دەست دوای هەڵدان نیشتانەوەی کەشتی ئاسمانیی داهاتووی ئاژانسی (ناسا) بەناوی (Dragonfly) کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2026لەنێو ئەو تەپۆلکە لمیانەی (تایتان) دا بنیشێتەوە.

گەردوون پڕە لە هەسارەی وەک زەوی



تابلێتێکی قوڕینی ئاشووریی، ڕووداوێکی فەلەکیی زۆر گەورەی ئاشکراکرد



لە سەردەمی کۆندا، تابلێتە قوڕینییەکان بریتی بوون لە نامەی ئەستێرەناس و کەلوپەلوپێنەکان بۆ پاشایەکانی ئەو سەردەمە کە گوایە هەواڵی خۆش و ناخۆشی داهاتوو لە ڕێگەی جوواڵەی ئەستێرەو هەسارەو کەلکەداڕکان دەخوێندەوە، بەڵام لەتەک ئەو نامانە، هەندێ ئاماژەی یەگجار زۆر سەیرو گرنگی تیادا نووسراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەک نهێنی ماوەتەوە، تا ئەم دواییە تیمێک لە پسپۆڕانی شیکردنەوەو خوێندنەوەی زمانی کۆنی مسماری توانیان یەکێ لەو تابلێتانە شی بکەنەوەو سەرسام بن بە تۆمارکردنی دیاردەیەکی یەگجار زۆر دەگمەن، بەڵام زۆر بەهێزو مەترسیداری خۆری کردووە، ئەویش تەقینەوە مەزنەکانی پلازمایی خۆرە کە بە (گێژەڵوکە خۆرییەکان) ناسراوەو بریتییە لە یەکێ لە چالاکییە هەر بەهێزو تواناو کەموێنەکانی خۆر، بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەوەتەی جیهان پێی ناوەتە چاخی تێکنۆلۆژیاو پێشکەوتن دیاردەی ئاوا هەرگیز ڕووینەداوەو تۆمار نەکراوە. لێکۆڵینەوە هەرە نوێیەکان دەریخستووە کەوا ئەو تەقینەوەیەی ئەو سەردەمە هێندە بەهێز بووە تا ڕادەیەک ئاسەوارو پاشماوەی خۆی تێشکاویی خۆی لەسەر قەدی داڕکاندا جێهێشتووە لە سەرانسەری جیهاندا لە ماوەیەکی نزیک کە 660 ساڵ پێش میلاد بووە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دیکە هێمای هاوشێوەی کارتێکردنی تیشکیی ئەو گێژەڵوکەو خۆرییەی لەنێو قوڵایی سەهۆڵبەندەکانی دورگەی (گرینلاند) ی دۆزیبۆوەو کاتی ڕوودانیشی نزیک بووە لە هەمان کاتی ڕوودان و تۆمارکردنی لەلایەن ئەستێرەناسانی ئاشووریییەوە.

ئەو تیمە ژاپۆنییەی کە ئەم تابلێتە هەرە گرنگانەی ئاشووریییەکانی شیکردۆتەوە دەریخست کەوا لەنێو ئەو تابلێتانەدا چەند شاهێدحاڵێکی ئەو سەردەمە هاتوون و شاهێدیان داوە لەسەر ڕووداوی ئەو دیاردەیەو خودی دەستنووسی ئەو ئەستێرەناسەی کە ڕاپۆرتی کۆتایی نووسیوەو لەسەر 3تابلێتی قوڕینی دابەش کردووەو تیایدا هاتووە کەوا (ئاسمان بۆ ڕەنگێکی سووری دڕەوشاوە گۆڕا) کە ئەم دیاردەیەش هاوکات بووە لەگەڵ ئەو ئاسەوارانەی تیشکیی کە پسپۆڕان لەنێو ئەڵقەکانی قەدی داڕەکاندا دۆزیویانەتەوە.

سەبارەت بەو دیکۆمێنتە کۆنانە ئەوا مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ 2700 پێش ئێستاو لە نێو هەردوو شاری ئاشووری (نەینەوا) و (بابل) دا دۆزراونەتەوە.

لەنێو یەکێ لەو دیکۆمێنتانەدا هاتووە: "ڕەنگی سوور ئاسمانی داگرت"، بەڵام لە دیکۆمێنتێکی دیکەدا هاتووە: "هەورێکی ڕەنگ سوور دەرکەوت"، ئەمەش ڕێک هەمان وەسفە بۆ ڕووداوی کارلێک لەنێو بەرگە هەوای زەوی و تەنێچکە بارگاویبە یەگجار زۆرو بەهێزەکان دوای ڕووداوی تەقینەوەهەرە گەورەکەی خۆردا.

لەم بارەیەوە، (یاسۆ یوکی میتسوما) ی گەورە لێکۆڵەرو ئامادەکاریی لێکۆڵینەوەکە دەڵێ:"ئەم دەرەنجامە ڕێگە خۆشکارە بۆ دووبارە زانینەوەی مێژووی چالاکیی خۆر پێش دەیان ساڵ بەپێی ئەو داتا تۆمارکراوانەی کە لە بەر دەستمانە، خودی ئەم لێکۆڵینەوەیەش یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن لە جۆرە پێشبینیکردنێک بۆ ئەگەری ڕووداوی ئەو تەقینەوە بەهێزانەی خۆرو ڕووداوی گێژەڵوکە کارۆمۆگناتیسییەکان لە داهاتوودا، کە خوانەخواستە ئەگەر ڕووبدات ئەوا زیانێکی زۆر بە مانگە دەستکردەکان و کەشتییە ئاسمانییەکان دەگەیەنێت.

RUSSIA TODAY

لە سەردەمی کۆندا، تابلێتە قوڕینییەکان بریتی بوون لە نامەی ئەستێرەناس و کەلوپەلوپێنەکان بۆ پاشایەکانی ئەو سەردەمە کە گوایە هەواڵی خۆش و ناخۆشی داهاتوو لە ڕێگەی جوواڵەی ئەستێرەو هەسارەو کەلکەداڕکان دەخوێندەوە، بەڵام لەتەک ئەو نامانە، هەندێ ئاماژەی یەگجار زۆر سەیرو گرنگی تیادا نووسراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەک نهێنی ماوەتەوە، تا ئەم دواییە تیمێک لە پسپۆڕانی شیکردنەوەو خوێندنەوەی زمانی کۆنی مسماری توانیان یەکێ لەو تابلێتانە شی بکەنەوەو سەرسام بن بە تۆمارکردنی دیاردەیەکی یەگجار زۆر دەگمەن، بەڵام زۆر بەهێزو مەترسیداری خۆری کردووە، ئەویش تەقینەوە مەزنەکانی پلازمایی خۆرە کە بە (گێژەڵوکە خۆرییەکان) ناسراوەو بریتییە لە یەکێ لە چالاکییە هەر بەهێزو تواناو کەموێنەکانی خۆر، بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەوەتەی جیهان پێی

لەو هەسارانەدا لەگەڵ (ئاسن) کارلێک دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی (ئۆکسیدی ئاسن) کە لەلای خۆمان بە (ژەنگهێنانی کانزایی) ناسراوەو کە یەکێکە لە گرنگترین کارلێکەکانی هاوکار بۆ بوون و بەردەوامبوونی ژیان لەسەر هەسارەی زەویدا.

" ئەگەر هەمان ئاستی ژەنگهێنانی نێو بەردەکانی هەسارە دەرەکییەکان نزیک بوو لەوەی لەنێو بەردەکانی هەسارەی زەویدا هەیە، ئەوا واتای بوونی (چالاکیی تیکتۆنی) یان پێدەدات، کە ئەمەش بە دەوریەوە ئەگەری بوونی بەرگی موگناتیسی دەدات بۆ ئەو هەسارانە وەک ئەوەی دەوری زەوی داوە، کە ئەمانەش بنەمای سەرەکی بوون و مانەوەی بەرگەهەواو خودی ژیانن"، هەر لە زاری (شێلتشینگ).

لێکۆڵینەوەو دەرەنجامە دەستکەوتووەکانی ئەو تیمە هێنای بە بوونی هەسارەی هاوشێوەی زەوی بەرێژەیەکی یەگجار یەگجار زۆر دەدات و لە هەمان کاتیشدا، لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتری فەلەکناسانی ئەمریکیش ئاماژەی داوە بە ئەگەری بوونی نزیکەی 10 ملیار هەسارەی فێنک کە زۆر لە زەوی دەچن، تەنها لەنێو گالاکسی خۆماندا!.

یاریزانێکی ریال مەدرید لەپێناو نمایشکارێک واز لە خێزانەکەی خۆی دەهێنێت



رۆژنامەی ی بەریتانی ئاشکرای کرد کە لۆکا یۆڤیچی سڕبی و یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە پێناو خانمە نمایشکاریکی جل و بەرگ، دەستبەرداری خێزان و منالەکەی دەبێت و بەجێیان دەهێلێت.

رۆژنامەکە زیاتر ئاماژە بەو بابەتە دەدات و رایدەگەینێت کە یۆڤیچی تەمەن 21سالّ لە ئابی رابردوو سۆفیا میلۆسیڤیچ کە خانمە نمایشکاریکی جل و بەرگی سڕبییە دەناسێت و پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان دیتە ئاراوە، هەروەها رۆژنامە بلاّویکردۆتەوە کە ئەو نمایشکارە 8 سالّ لەو گەورەترە و بەردەوام لە سەنتەرە بازرگانی و یانە شەوانەییەکانی مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا بەیەکەوبان دەبینن.

ئەگەرچی یۆڤیچ ئەوە رەتدەکاتەوە کە پەیوەندی خۆشەویستییان لەنیواندا هەبێ، لەهەمان کاتیش جیابوونەوەی لە خیزانەکەی رانەگەیاندووە کە منالێکی 7 مانگانەیان هەیە و ناوی داڤیدە، بەلاّم رۆژنامەکە ئەوە رەتدەکاتەوە و دەلّی ئەو یاریزانە لەپێناو ئەو نمایشکارە وازی لە خێزان و منالەکەی هێناوە.

جێی باسە یۆڤیچ لە میرکاتۆی هاوینەدا بەگرێبەستێک تا ساڵی 2025 لە یانەی ئینتراخت فرانکفۆرتی ئەلمانیەوە بەرامبەر 60 ملیۆن یورۆ چووە یانەی ریال مەدرید.

کچانی پایسکلسوای برایەتی بوونە دووەمی عێراق



زاگرۆس نانەکەلی: هەولێر

دوای بەشداری کردی کچانی پایسکلیواری برایەتی لە خولی پایسکلسواری عێراق کە چوار قۆناغ بوو، لە شارەکانی کەربەلا و دهۆک و دیوانیە وسلێمانی کۆتایی هات، کچانی پایسکلسواری برایەتی بۆ گەڕانەوەی شکۆ و مێژووی یانەکەیان و گەڕانەوەی نازناوەکان بۆ خاوەن ماڵ بەباشترین ئاست توانیان پلەی دووەمی عێراق بەدەست بێنن.

رۆژی هەینی رێکەوتی 25/10/2019م 1-10 لە خولی پایسکلسواری کوردستان کە یەک قۆناغ بوو، لەرێگای شێخ تورِاب لەشاری هەولێر، کچانی برایەتی بەئەنجامی باشتر لەجاران توانی ئەنجارەشیان پلەی دووەم بەدەست بێنن، کە ماوەیەک بوو ئەم نازناوانە کچانی برایەتی لێی بێبەش بوون، هەوڵ و هیلاکی ماندووبوون راهێنەران ویاریزانەکان قۆناق بەقۆناغ دەستکەوتەکان لێیان نزیک دەبێتەوە، ئەمەش بۆ هەنگاوەکان وخول وپاڵەوانیەتی ناوەوە دەرەوە، کچانی برایەتی زیاتر وباشتر بۆی دەجەنگن و خۆیان بۆ لووتکە وپاڵەوان ئامادە دەکەن.

راهێنەرێکی کورد پرۆژەی یاری بەکۆمەڵ (تۆتاڵ فوتبۆڵ) دەهێنێتە کوردستان





دیدار: باوکی سان

کەسایەتییەکی تایبەتە و هەڵگەوتووی نێو بنەماڵەیەکی وەرزشکارە و جگە لەخۆی، باوک و مامەکانی و خاڵەکانی و خزمە نزیکەکانی هەموویان لەدەربەندیخان یاری فوتبۆڵیان کردووە، ئێستاش پاش دوورکەوتنەوەی لەیاری فوتبۆڵ وەک یاریزان، بۆ ماوەی 8سالّە لە وڵاتی سوید وەک راهێنەر دەستبەکارە و دیارترینیان راهێنەرایەتی کردنە لەئەکادیمیای فوتبۆڵی یانەی ئیسکلستونا (ئەی ئیف سی ئیسکلستونا) و تایبەتەکەشیان ئەوەیە کە تاکە راهێنەری عیراقی و کوردە لەیاری (تۆتاڵ فوتبۆڵ) کەخاوەن بڕوانامەی تایبەتی یاریپەکە بێت، ئەم راهێنەرەش ئارام رەجەب-ە.

ئارام رەجەب کە لەیەکێک لەقوتابخانەکانی سوید مامۆستای وەرزش و بەدیاری کراویش وانەی یاری فوتبۆڵە، لەمیانەی دیدارێکی تایبەتدا خواستی خۆی بۆ کردنەوەی یەکەم ئەکادیمیای تایبەتمەند بەیاری تۆتاڵ فوتبۆڵ لەهەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

*** بەم دوایییە داوای دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی یاری فوتبۆڵ-ت لەهەرێمی کوردستان کردبوو، کەی بەنیازن ئەم هەنگاوە بنێن؟**

-پێشنیازەکە بەرەو دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی فوتبۆڵ بوو کەتایبەتمەند بێت بەیاری تۆتاڵ فوتبۆڵ، ئەمڕۆ ولاّتانی پێشکەوتوو بایەخێکی زۆر دەدەن بە وەرزش بۆ ئەوەی توانای لاوان و تیمەکان لەڕووی تەکتیک و تەکنیک بەرەو پێش بەرن، بۆیە کارێکی باشە ئێمەش هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەکادیمیایەکی فوتبۆڵی شایستە بەگەنجان و لاوانی ولاّتەکەمان بەهەردوو رەگەزەکە دابمەزرێنین.

*** ئێوە وەک راهێنەرێک تاچەند شارەزایی و پسپۆڕیتان لەشێوازی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ-دا هەیە؟**

-نزیکەی 8سالّە بەبواری راهێنەریی سەرقاڵم و هەوڵی زۆرم داوە بۆ فێربوون و شارەزایی پەیداکردن لەسەر یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ (Total Football) و بۆ ئەم مەبەستەش چەند کتێبێکم لەسەر یارییەکە خوێندۆتەوە و لەڕێگەی ئینتەرنێتیشەوە هەمیشە گەڕاوم بەدوای دۆزینەوەی زانیاریی و چۆنێتی و تایبەتمەندی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ لەلای راهێنەرانی تر، هەروەها لەسەر ئاستی ئەوروپادا لەسوید و ئیسپانیا و پۆرتوگال و بەشداری چەند کۆرسێکی فێربوونی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ-م کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانامەی شارەزایی بەڕێوەبردنی تیمی پلە بەرزم وەرگرتووە.

*** لەسوید تاچەند بایەخیان بەشێوازی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ داوە؟**

-لەوڵاتی سوید شێوازی یاری کردن تیمەکان لەڕووی تەکتیک و تەکنیک بەرەو پێش بەرن، بۆیە کارێکی باشە ئێمەش هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەکادیمیایەکی فوتبۆڵی شایستە بەگەنجان و لاوانی ولاّتەکەمان بەهەردوو رەگەزەکە دابمەزرێنین.

*** ئێوە وەک راهێنەرێک تاچەند شارەزایی و پسپۆڕیتان لەشێوازی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ-دا هەیە؟**

-نزیکەی 8سالّە بەبواری راهێنەریی سەرقاڵم و هەوڵی زۆرم داوە بۆ فێربوون و شارەزایی پەیداکردن لەسەر یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ (Total Football) و بۆ ئەم مەبەستەش چەند کتێبێکم لەسەر یارییەکە خوێندۆتەوە و لەڕێگەی ئینتەرنێتیشەوە هەمیشە گەڕاوم بەدوای دۆزینەوەی زانیاریی و چۆنێتی و تایبەتمەندی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ لەلای راهێنەرانی تر، هەروەها لەسەر ئاستی ئەوروپادا لەسوید و ئیسپانیا و پۆرتوگال و بەشداری چەند کۆرسێکی فێربوونی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ-م کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانامەی شارەزایی بەڕێوەبردنی تیمی پلە بەرزم وەرگرتووە.

*** لەسوید تاچەند بایەخیان بەشێوازی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ داوە؟**

-لەوڵاتی سوید شێوازی یاری کردن کلاسیکییە، بۆیە هەوڵمداوە و مەبەستم بوو رادەی زانیاری و توانای خۆم بەرزبکەمەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بۆیەکەمجار رووبکەمە هەرێمی کەتەلۆنیا و لەشاری بەرشەلۆنە بەشداری یەکەمین خولی راهێنانم کرد سەبارەت بەشێوازی یاری تۆتاڵ فوتبۆڵ و پاش ساڵێک دووبارە گەڕامەوە لەدووەم خول و کۆتایی راهێنانەکاندا بەشداریم کرد، بۆ بەرزکردنەوەی رادەی زانیاریی و لەکۆتایی خولەکەدا لەکاتی دابەشکردنی بڕوانامەدا لەلایەن پەیمانگای تۆڤۆ ئەکادیمی (Tovo Academy) بەسەر بەشداربووان و وەرگرتنی بڕوانامەدا خۆشحاڵ بووم کە وەک یەکەمین کورد هەروەها لەسەر ئاستی عیراقیش ئەو بڕوانامەیە وەربگرم، بەو پێیەی هیچ کەس لەکوردستان و عیراق بڕوانامەی لەو جۆرەی وەرنەگرتووە.

* ئەگەر ئەکادیمیاکە دامەزرا، بەچ شێوەیەک دەبێت؟

-سەرەتا دەتوانین 4تیم بۆ ئاستەکانی ژێر تەمەنەکانی 8و 9و 10و 11سالّ دروستبکەین، دواتر کە توانا هەبوو بەرفراوانی بکەین، بەلاّم تۆ 4تیمت هەیە، سالاّنە کە تەمەنیان گەورە دەبێت بۆ تیمەکانی سەروتر سەردەخرێن و پاشان هەرخۆی بەتێپەڕوونی کات تیمەکانت زیاتر دەبێت، یاریگایەکی بچووک و یەکێکی گەورەی پێویست دەبێت، ئەوانەی کارم لەگەڵدا دەکەن دەبێ لەزۆر شت ئاگاردارییان بکەم و زانیارییان پێ بدەم لەسەر چۆنێتی پێگەیاندنی منداڵان بەپێی رێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێویستە گرنگی و بایەخی زۆر بەمنداڵان بدرێت، دۆزینەوەی حەز و خولیا و ئارەزووەکانیان و هەروەها تاچەند بۆ یاریپەکە گونجاوە و دەشێت، پێویستە جلوبەرگ و پیداویستییەکانیان تایبەت بەخۆت بێت و نابێت مۆرکی هیچ شۆنێکی تری پێوەبێت.

*** ئەم شێوازە تا چەند بەریلاوە؟**

-زیاتر لە 7ساڵە کاریی راهێنەرایەتی دەکەم و ئەوەی من دەمەوێ لەکوردستاندا پێشکەشی بکەم شێوازی یاری بەکۆمەڵە (تۆتاڵ فوتبۆڵ)، لەماوەی 10ساڵی رابردوودا لەزۆرێک لەوڵاتانی ئەوروپا یان جیهان زۆر گەشەی کردووە و بلاّوبۆتەوە، هیچ شتێکیش مەحاڵ نییە و دەمەوێ شتێک بکەم وەک ئەوە بێت کە لەبەرشەلۆنەدا هەیە.

*** بەرهەمی ئەم پرۆژەیە چی دەبێت و کەی پێدەگات؟**

-تۆ دەبێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەم پلان و پرۆژەیە هەنگاو بەهەنگاو کارەکان بکەیت و سەرەتا تیمەکان دروست بکەیت، دەتوانی بە 3یان 6ساڵ یاریزان دروست بکەی، خولەکانی ژاپۆن و چین و کۆریا بیکرێت، بەلاّم بە 9ساڵ دەتوانی بەگەرنتی یاریزانێکی تەواو پرۆفیشناڵ بەرهەم بهێنیت، یاریزانێک دروست بکەیت کە لەخولێکی گەورەی ئەوروپا یاری بکات.

تیروپشکێکی ئاگرین لە تێنس

تیروپشکی دوا پاڵەوانێتی وەرزی تێنس بۆ ئافرەتان رووبەڕووبوونەوەی بەهێزی لێکەوتەوە کە بڕیارە لە **27**ی تشرینی یەکەم و سێی تشرینی دووەم لە شاری شینزین لە وڵاتی چین بەڕێوەبچێت.

لەتیروپشکەکەدا ئاشلی پارتی خانمە تێنسزانی ئوسترالی و پۆلینی یەکەمی جیهانی لەسەرووی گرووپە سوورەکە دێت کە بریتین لە ئۆساکای ژاپۆنی کڤیتۆڤای چیکی و بلینەندای سویسری، لەلایەکی دیکەوە کارۆلینای چیکی لەسەرووی گرووپەکەی دیکەوە هات کە بریتین لە ئەندریسکۆی کەنەدی و سیمۆنا هالیپی ڕۆمانی و ئەلینا سڤیتۆلینای ئۆکرانی.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 28. Oct. 2019 No: (5858)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی (خەبات)یشی تێدایە

هەڵمەتی هەفتەی بەرەنگاریی نیشتمانی کۆتاییهات و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس خەڵاتکران

دوێنێ یەکشەممە 2019/10/27 یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کۆتایی بە هەڵمەتی هەفتەی بەرەنگاریی نیشتمانی هێنا کە لە ڕۆژی یادکردنەوەی داستانی پردێ هەڵمەتەکە دەستپێکردبوو و لە مەراسیمێکدا کە لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، تێیدا پانێلێکی هاوبەش بۆ هەر یەکە لە دکتۆر کەمال کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، جەمال ئیمنیکی سوپاسالاری پێشمەرگە، دکتۆر پەروێز ڕەحیم مامۆستای زانکۆ، ڕێکخرا و باسیان لە گرنگی ریفراندۆم و داستانی پردێ و سحێلا کرد. هاوکات ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و نووسەریش خەڵاتکران کە نێویاندا ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی خەبات هەبوون، بەهۆی ئەوەی لەکاتی ریفراندۆم و دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە بەقەڵەم هەڵوێستیان هەبووە.

هەڵمەتەکەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژی 2019/10/20 لە سالیادی داستانی پردێ، دەستپێکردبوو، دوێنێ یەکشەممە بە ئەنجامدانی پانێلێکی هاوبەش و خەڵاتکردنی ژمارەیەک نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردستان، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و پەرلەمانتاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کۆتاییهات. لەناو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە خەڵاتکراوەکان، چەند ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی خەباتیش هەبوون، ئەوانیش: دڵشاد مستەفا وەسانی، بەڕێوەبەری نووسین، شکار نەقشبەندی، بەڕێوەبەری هونەری، ساسان دەرویش و نووسەر و پەیامنێر لە هۆڵەندا، شاخەوان برایم عەبدوڵڵا و نووسەر و بەرپرسی لاپەڕەی 2-3ی ڕووداوەکانی ڕۆژ. شایەنی باسە دوای کۆتایی مەراسیمەکە وێنەی یادگاری لەگەڵ سەرجەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە خەڵاتکراوەکان چرکێندرا.

شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە دەربەندیخان کۆتایی هات

چەندین گرووپی شانۆی بیانی و ناوخۆیی بەشداربوون و خەڵاتیان بردەوە




ئا/خالدار قەرداغی

بە نمایشی تابلۆی پێشمەرگە و چڕینی چەند گۆرانییەکی ڕەسەنی کوردی شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە دەربەندیخان بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و قایمقامی دەربەندیخان و ژمارەیکی بەرچاو لە هونەرمەندان بەتایبەت شانۆکاران. کە تێیدا هەژدە نمایشی شانۆیی پێشبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەست هێنانی خەڵات لە لایەن لیژنەی دادوەری فیستیڤاڵ.

لە کوردستان هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک و هەڵەبجە و دەربەندیخان و کەلار و چەمچەماڵ و کفری و خورماتوو. لە عێراق بەغداد و کەربەلا. لە دەوەری وڵات چیلی و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و لوبنان و تونس و ئێران. شانۆی (چەند دیمەنێکی جیاواز) بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر. شانۆی (کارتی سور)بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی. شانۆی (تابلۆ)بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکووک تیپی شانۆی سێکانیان. شانۆی (دوماهیک دەرگە)بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی دهۆک گروپی کۆما ماسک شانۆیی. شانۆی (باویلکە)بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە. شانۆی (دوکەڵ)گرووپی هونەری ئەستێرەکانی کەلار. شانۆی (سێوی بیست و یەک) بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ. شانۆی (هەواڵ) گرووپی شانۆی ڕوبەندی کفری. شانۆی (باڵە ڕێزووکان) گرووپی شانۆی خورماتوو. شانۆی (کۆڕپەی تاوان) گرووپی هونەری خاک دەربەندیخان. شانۆی (گریق) پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا/کەرخی ئێواران. شانۆی (العجاف) کەربەلا. شانۆی (سانتیمەتر) گرووپی شانۆی مەریوان. شانۆی (میشە گرگ نباشیم) گرووپی شانۆی کرماشان. شانۆی (این کوجا اون کوجا) گرووپی شانۆیی شەهری ئاشوب لە شاری بروجێرد. شانۆی (سەیران لەمەیدانی جەنگ)کۆمەڵەی هونەری تیرۆ تیپی شانۆی لوبنان. شانۆی (کۆمیدیای دیلارتێ) وڵاتی تونس. شانۆی (anything can happen)وڵاتی چیلی. شانۆی (happy decadence) وڵاتی ئیتاڵیا. شانۆی (de traca) وڵاتی ئیسپانیا. خەڵاتی یەکەمی باشرین کچ لە سەر ئاستی نێوخۆیی درا بە ڕۆژانا فەرهاد شانۆی (چەند دیمەنێکی جیاواز) هەولێر. خەڵاتی دووەمی باشترین ئەکتەری کچ درا بە زریان عبدالحکیم (شانۆی باویلکە) هەڵەبجە. خەڵاتی باشترین ئەکتری کورِ و باشترین بەرهەم و باشترین دەرهێنەر درا بە شانۆی (سێوی بیست و یەک) چەمچەماڵ. دووەمی باشترین بەرهەمی شانۆی (خەجێ و سیامەند)دەربەندیخان . براوەی خەڵاتە نێودەوڵەتییەکان باشترین خەڵاتی یەکەم بۆ کورِ (ڕۆژ لینکۆن) لە شانۆی anything can happen وڵاتی چیلی. باشترین دووەمی ئەکتەری کورِ (موختار محمدی)لە شانۆی (سانتیمەتر) خەڵاتی یەکەمی باشترین نمایش بۆ وڵاتی ئێران. خەڵاتی یەکەمی باشترین ئەکتری کچ (نەستەرەنی جەباری)لە شانۆی (میشە گرگ نباشیم)وڵاتی ئێران. خەڵاتی دووەمی باشترین ئەکتەری کچ (ماریا) لە شانۆی (de traca)وڵاتی ئیسپانیا. خەڵاتی دووەمی باشترین نمایش لە شانۆی (این کوجا اون کوجا)وڵاتی ئێران. وە لە لایەن لیژنەی فیستیڤاڵەوە خەڵاتی هاندان وەک بەخشرا بە (محمد صالح ژاڵەناوی)کە کورِی هونەرمەندی خوالێخۆش بوو (صالح ژاڵەناوی)کە دوو ڕۆژ بەر لە فیستیڤاڵ کۆچی دوایی کرد. هەر لە فیستیڤاڵ سیمیناری وڵاتانی بەشدار بوو لەسەر ئەزموونی شانۆی شەقام لە وڵاتان بەڕێوەچوو. (حسن محمد صالح)بەڕێوەبەری گشتی فیستیڤاڵ باسی لە هەل و مرجی دەربەندیخان و تایبەت بە فیستیڤاڵ وتی:هەرچەند بارووەدۆخی ڕۆژئاوا کاریگەری لە سەر هەموان هەیە بەڵام ئێمە دەبێت بەشانۆ بیسەلمێنین کە میلەتێکی ئاشتی خوازین. وە دڵگرانی خۆی دەربڕی بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند و شانۆکار مامۆستا (صالح ژاڵەناوی).ئاماژەی بەوەکرد کە لە ڕووە هونەری و ئاستێکی زۆر باشی هەبووە وە کاریگی زۆریان بۆ هاتووە لە کوردستان و عیراق و دەرەوەی وڵات کە تەنها لە وڵاتی ئێران زیاتر لە سی شانۆی شەقام نێردراوە بۆ ئەم فیستیڤاڵە .وتشی بەداخەوە کە دەستگیروویەک نییە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە سالانە لە کات و ساتی خۆی ئەنجام بدرێت یان هەر دوو ساڵ جارێک.چونکە گرفتی خەرج کردنی بودجە نمایشەکان تێک دەدات ئەمەش وایکردووە کە نەتوانین کاری زۆری دەرەوەی وڵات وەرگرین. زۆر جار لەمانگی شوبات و ئادار دەرخستە پێشکەش دەکەین بەڵام لە مانگی ئاب ڕەزامەندی لەسەر دەدرێ ئەمەش گرفتی گەورەیە .پێویستە پاش ئەنجام دانی هەر فیستیڤاڵێک بەرنامە و داڕێژی و ئامادەکاری تەواوی بۆ بکرێ بۆ ساڵی دواتر.هەندێ جار گلەیی و گازندە دەکرێ بەڵام دەربەندیخان بۆ مانەوەی میوانەکان و پێداویستی هەمیشە کێشەی بۆ دروستکردووین بەداخەوە ئەمەش وایکردووە کە نەتوانین بە شێوەیەکی باش پیشوازی لە میوانەکان بکەین.ئاماژەی کرد بەوەی کە سالانی پێشوو بۆ شوێنی مانەوەی میوانەکان لە سلێمانی شوێنی مانەوەیان بۆ دابینکردووە کەچی کێشەی کەمی بودجەی نەتوانراوە هاوشێوەی سالانی پێشوو شوێنی مانەوە چارەسەربکرێ بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ وتشی پێویستە حکومەت و کەرتی تایبەت و کەسانی سەرمایەدار بیر لەوە بکەنەوە کە زووترین کات میوانخان و کابینە و شوێنی مانەوەی گەشتیاری دروست بکەن چونکە دەربەندیخان سروشتی جوان و لە بارە بۆ پرۆژەی گەشتیاری. ئاماژەی بەوەش کرد کە چوار ساڵ فیستیڤاڵ ڕاوەستا وانەبووایە ئێستا خوولی دە هەمین بوو.

ئەوەی کە ئامانج بووە خەڵکی هونەر دۆستی دەربەندیخان بووە کە بەر دەوام ئامادەییەکی باشیان هەبووە لە نمایشەکان و هەمیشە خەڵک پرسیاری نمایشی شانۆیان لێ دەکەن ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ئامانجەکەمان بەڕادەیەکی باش پێکاوە : شایەنی باسە کە تەنها یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی نێو دەوڵەتی نەبووە کە لە ساڵی 2010 ئەنجام دراوە ،بەڵام یەکەمین فیستیڤاڵ بووە لە هەموو عیراق و کوردستان. کە ئێستا خوولە شەش هەمینە پێویستە شانۆ ببێ بەدیاردەیەکی شارستانی و پێویستی خەڵک.



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەموو دووشەمەیەک دەینووسێت

بنوو ، ژەنەرالّی پایز
خانووش مەبە ، وەک داڕە سووتاوەکە
تۆ، وەک لەژیان دا
لەگەڵ شیعر ڕاستگۆ بویت
لەمردنەکەشتدا هەر ڕاستگۆ بوویت
بۆ دیدی تۆ، بەس بوو
دیتنی هەموو ئەو ماسکە ناشرینانە
بەناوی - شیعر - دەو بەس بوو
دیتنی ئەو هەموو موقاویلانە
بەناوی - کوردایەتی - یەوە بەس بوو
دیتنی هەموو ئەو زەردەوالّانە
بەناوی - پەپوولە - دەو بەس بوو
بنوو ، ژەنەرالّی پایز
بنوو
بەس بوو
بۆ چاوی جوانی بین و پڕ لە عەشقی تۆ
دیتنی ئەو هەموو قێتلا و
کەژاوەی تڕومبێلانە بەس بوو
خواردنی دەرمان و خۆراکی ئێکسپایەر
بەس بوو
خۆێندنەوەی تویتەکانی تڕەمپ و
هەڕەشەکانی ئۆردووگان بەس بوو
دیتنی منداڵی بە بۆمب سووتاوی خۆرئاوا
بەس بوو
دیتنی جامباز و چەرچیەکانی
ناو دنیای ئەدەب و هونەر
بەس بوو
تۆ کە ڕوحت ماندوو و
چاوت ماندووتر
تۆ کە هەستت بریندار و
دڵت بریندارتر
تۆ کە ماڵ و هەوارت خاڵی و
گیرفانت بەتاڵتر
بەڕاست بەس بوو
تۆی لەهەمووان ڕاستگۆتر
ئەو کۆچە پڕ جورئەت بەس بوو
بنوو ، لە باوەشی پایزدا بنوو
باوەشی پایز
زۆر میهرەبانترە لەو وڵاتەی
کە تۆ تیایدا هیچت نەبوو.

خزمەتگوزاری بازاڕی ئەلیکترۆنی بۆ ڤایبەر زیاد دەکرێت



هەردەوان : کۆمپانیای ڤایبەر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرایکرد کە خزمەتگوزاتییەکی نوێی زیادکردووە کە لەو ڕێیەوە بەکارهێنەران دەتوانن کاڵاکانی کۆمپانیا جیهانییەکان ببین و بیکڕن. ئەم خزمەتگوزارییە چانسی ئەوەش دەدات بە بەکارهێنەران کە لە هەمان پێگەدا کەلوپەل و شمەکەکانیان دابنێن و بیفرۆشن، بەم پێیەش ڤایبەر دەبێت بازاڕێکی مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین.مامەڵەی ئۆنلاین سالانێکی زۆرە لە وڵاتانی جیهان کاری پێدەکرێت و حکومەتی وڵاتانیش هانی هاوڵاتیان دەدەن بۆ مامەڵە کردن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە، بەڵام تاکو ئێستا ئەم سیستمی کڕین و فرۆشتنە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کوردستان کاری پێناکرێت. لە ئێستاشدا ئەو خزمەتگوزارییەی ڤایبەر لە جیهاندا کارپێدەکرێت و بەکارهێنەران دەتوانن لە لە نێو ڤایبەر و لەڕێگەی ئایکۆنی شۆپینگەوە (Shopping)دەو سود لەو خزمەتگوزاریە نوێیەی ڤایبەر وەربگرن.
ئەگەر تۆش دەتەوێت لەم خزمەتگوزارییە نوێیەی ڤایبەر سودمەندبیت، لەسەرەتادا دەبێت ئەپلیکەیشنی ڤایبەر لە نێو مۆبایلەکەتدا ئەپدەیت بکەیتەوە، ئەوسا دەتوانی لەم خزمەتگوزارییە سودمەند ببیت.